


## ژمارە ۴

## ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

**سەرنووسەر:** ک. د. ئازاد

**کاناڵی تیلگرامی:** @Le_Daweni_Arbebawe

**ڕەزبەری ۲۷۲۰**

| وتار | لاپەڕە |
|---|---|
| بانە. ئاودێر | ۲ |
| بانە. جوتیار | ۴ |
| سەقز. دوکتور شەماڵ ئیسماعیل پوور | ۷ |
| ئیلام. کامران رحیمی | ۹ |
| بۆکان .ئەمین گەردیگلانی | ۱۵ |
| مەهاباد. عەلی نانەوازادە | ۲۴ |
| بانە. باوکی نیشتمان | ۲۶ |
| بۆکان.سەید محەمەد ئەمین قورەیشی | ۳۰ |
| سنە. نەسرین کەریمی | ۳۳ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | ۴۱ |
| ئیلام مستەفابەیگی_ڕودوس فەیلی | ۵۶ |
| سەردەشت. حەسەن روش(پارێزەر) | ۶۲ |
| مەهاباد. م ئـ {هۆگر} | ۶۶ |

| شێعر | لاپەڕە |
|---|---|
| سەقز. دوکتورشەماڵ ئیسماعیل پوور | ۲۰ |
| ئابدانان. نەبی ئەحمەدی | ۲۱ |
| بۆکان. ئاسۆ | ۲۲ |
| سەقز. ژان چاوەڕوان | ۲۳ |
| بانە. ک.د.ئازاد | ۳۱ |
| سەقز. ئازاد سەیدئیبراهیمی(هۆگر سەقزی) | ۳۲ |
| بانە. باوکی نیشتمان | ۳۷ |
| بانە. کۆچەر | ۳۸ |
| بانە. شەیدا ئەحمەدی (خان) | ۳۹ |
| سنە. پ.ر.سایدا | ۴۰ |
| ساحێب. سەرمەس | ۴۵ |
| بانە. ئاودێر | ۵۱ |
| مەهاباد. سەید نووح عینایەتی(نەبەز) | ۵۲ |
| مەریوان. ج.م.هەڵبەست | ۵۴ |
| بۆکان. کاوە داشبەندی | ۵۵ |
| سەقز. عەتا ساڵح پوور | ۵۶ |
| مەریوان. ڕانا | ۵۹ |
| بانە. ئەنوەر پشتیوان | ۵۹ |
| مەهاباد. سووتاو | ۶۰ |
| سنە. ڕەحیم لوقمانی | ۶۱ |
| سەید سمایل شاهۆیی | ۶۴ |
| مەهاباد. سارکۆ | ۶۴ |
| مەریوان. عوسمان شێرزاد | ۶۵ |
| مەریوان. شوان کوردستانی | ۶۵ |

| چیرۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| بانە. غەفوور ساڵحی | ۴۳ |
| بانە. ک.د.ئازاد | ۴۶ |


گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## وانەی سێهەم

بانە. ئاودێر( بەرپرسی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە)

### دوو پیتی دەنگداری ( و – وو )

پیتی ( واو ) لە ڕێنووسی کوردیدا بە سەر چوار نیگاردا دابەش دەبێت و لە دەنگ و ڕەنگدا چوار دەوری سەرەکی دەبینێت، بۆیە دەبێ وریا بین لە نووسینیدا؛ نەوەک بێژەی وشەکە تێکبچێت و واتای تەواوی خۆی نەگەیەنێت.

١- واوی بێدەنگ ( و – w )

٢- واوی دەنگداری کورت ( و – u )

٣- واوی دەنگداری تیژ یان درێژ ( وو – û )

٤- واوی کراوە ( ۆ – o )

یەکەم: پیتی ( و ) بێدەنگ – نەبزوێن – کپ (صامت)

ئەم ( واو )ە بنەمای هەموو شێوەکانی دیکەی واوە. وەک لەم وشانەدا دەبیسترێ: وزە، ورە، وەرە، راو، دێو، هەویر، هەوار. ئەم پیتە لە ڕێنووسی لاتین دا ئاوها ( W)دەنووسرێت.

جیاوازی نێوان دوو پیتی ( و ) بێدەنگ و ( و ) دەنگدار لە چی دایە؟

پیتی ( و ) ئەگەر لە سەرەتای وشە و بڕگەدا بێت، بێدەنگە. وەکوو: ورد، وریا، ئەوە، کەوە، ...

ئەگەریش بە دوای پیتی بێدەنگ دابێت، دەنگدارە. وەکوو: کورد، گوڵ، گومان، ...

دووهەم: پیتی ( و ) دەنگداری کورت

١- بزوێنەکەی کورتە یان کورتە بزوێنە. ( لە بنەماڵەی کورتە بزوێنەکانە ).

٢- ناتەواو و ناسەربەخۆیە ( ئەم نیگارە هەم لە بری بێدەنگ و هەم لە بری دەنگدار دێت ).

٣- تایبەت بە زمانی کوردییە. ( لە بری ئەو ( و ) دێت کە لە زمانی فارسیدا دەوترێت و نانووسرێت ). وەکوو: کرد = کورد، گل = گوڵ

٤- ناکەوێتە سەرەتا و کۆتایی وشە. وەکوو: ( ورد – چاو )

٥- دەنگەکەی دەکەوێتە نێوان دەنگی دوو پیتی ( وو ) دەنگداری درێژ و پیتی ( ۆ ) واوی کراوە. بۆ نموونە لەم وشانەدا: کورد، گوڵ، گومان، گوتن، ...

ئەم پیتە لە ڕێنووسی لاتیندا بەم جۆرە ( u)دەنووسرێت.

سێهەم: پیتی ( وو ) دەنگداری تیژ یان درێژ

١– هەمیشە بزوێنە و بزوێنەکەی درێژە. ( لە بنەماڵەی درێژە بزوێنەکانە ).

٢– تەواو و سەربەخۆیە.

٣– نیگاری( وو ) دەگەڵ پیتی ( و ) لە زمانی فارسیدا هاودەنگە بەڵام هاوڕەنگ نییە.

٤– لە لێوی شمشاڵی یان خونچەیی دێتە دەر.

وەکوو لەم وشانەدا دەبیستری. دوور، بەڕوو، بووک، سووتا، خانوو، تینوو، بوو، ...

لە ڕێنووسی لاتیندا بەم جۆرە ( ûدەنووسرێت.

تێبینی لە سەر دوو نیگاری ( وو ) و ( و ) لە ڕێنووسی کوردیدا.

گومان لەوە ناکرێ کە لە زمانی کوردیدا (وو– (ûو (و– (uدوو فۆنیمن. چونکە گۆڕینی

(وو– ( ûبە (و– ( uجیاوازی دەخاتە نێوان وشە و وشەی نوێ پەیدا دەکات.

بۆ وێنە ئەگەر لە وشەی ( کووڕ)دا فۆنیمی (وو– ( ûبکرێ بە (و– ( uئەوە وشەکە دەبێتە (کوڕ).

کە دوو واتای لە یەکتر دوورن و پێویستە وە بەرچاو بگیرێن.

ڕاهێنان:

١ـچەند وشە بنووسە کە واوی( و ) دەنکدار بێت

٢ـچەند وشە بنووسە واو ( و) بێدەنگ بێت

٣ ـ چەند وشە بنووسە ئووی (وو) تێدابێت



## سلێمان بەگی بانە

بانە. جوتیار( ئەندامی چالاکی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە)

گوڵی زەرد و سووری سلێمان بەگی بانە          بە وێنەت نـیـیە لە ڕووی جـیـهانا

ساڵهایە گوڵی زەرد و سووری سلێمان بەگی بانە ئەبیستین و بێ هەست لە پەنایەوە ئەگوزەرێین هەر چەن ئەزانین سلێمان بەگ ناو و مێژوێکی کۆنی هەیە و بۆیە لە هەر جێگەیەک ناوی بانە دێتە سەر زار سلێمان بەگ و ئاربەبایە لێوەکان ئەترازێنن لە ناوچەکانی بانە هەمیشە جێگەیەک بۆ گۆڕستان هەڵبژێردراوە کە خاوەنی دار و چڕ و پڕی بووبێت کە لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە مردووەکان لە سێبەردا بن و جێگەکەیان وەک بەهەشت فێنک بێت و بۆیە گۆڕستانی سلێمان بەگی بانەش بە هۆی ئەوەی خاوەنی دارگەلێکی گەورە و خاوەن تەمەن بووە کە هێلانەی حاجی لەق لەق و زۆرینەی باڵندەکانی دیکەی لە خۆ گرتووە کراوەتە یەکێک لە گۆڕستانەکانی بانە کە لە یەک کیلۆمەتری ڕۆژاوای بانە لەسەر ڕێگای شارۆچکەی ئارمردە هەڵکەوتووە.

کە خەڵک بڕوایان وایە بڕین و کەڵک وەرگرتن لە دار و گژوگیای گۆڕستان ئەبێتە مایەی گوناح و ڕۆژڕەشی بۆیە هیچکات داری گۆڕستانەکان نەبڕدراوە و بە حەزی دڵ تەمەنیان کردووە بەڵام بە داخێکی گرانەوە دارەکانی سلێمان بەگ بە حەزی دڵیان تەمەنیان نەکرد و نەیان توانی تا وەرزی خۆشەویستی هەناسە هەڵکێشن ( لە ساڵی     ١٣١٦ هەتاوی کە سەرهەنگ ڕەزا لەشکەری ئەبێتە فەرماندەی پادگانی بانە بە دەستووری ئەو دارەکانی بۆ سووتەمەنی پادگانی بانە ئەبڕن و بەردی کێلەکانی کە زۆری بەردەکێلی باو و باپیرانی تایفەی ئێختیاردینی کە زۆریان کەتیبەی مێژوویی بوون بۆ سەنگ چن و فازڵاوی پادگان هەڵ کەندەوە کە دوای ئەم ماوەیە دارەکان سەریان هەڵداوەتەوە بەڵام ئەو جوانیەی جارانیان نماوە.    (تاریخ و جغرافیای بانە صفحەی ٨٠)

ئێستا لەم بەشەدا باسێک لە    سێڵمان بەگ  ئەکەین کە بزانین کێ بووە ؟ ناوی سلێمان بەگ لە کوێوە هاتووە ؟ و بەشێک لە ژیاننامەی سلێمان بەگ.

لە دوای ئیسلام دوو تایەفە لە بانە حکومەتیان کردووە کە ئەم دوو تایەفە ئامۆزای یەکتری بوون.

١ـ تایەفەی قەقون یا بەگزادەکانی گەوێڵ

٢ـ تایەفەی ئێختیاردینی

قەقون کە ئەڵێن گۆڕەکەی لە سەرۆی دێهاتی شەڕگەیە ئیمانی بە ئیسلام نەهێنا، بەڵام ئێختیاردینیەکان بە مەیل و حەز و بێ شەڕ و خوێنڕشتن ئیمیانیان بە دینی پیرۆزی ئیسلام هێنا.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

میرزا بەگی بانە کوڕی میرمحەمەدی یەکەم یەکەمین ئەمیری ناسراوی بانە بووە کە لە سەرەتاکانی سەدەی دەهۆم دا دەژیا ، کە کچی بێگە بەگ حاکمی ئەرەدڵان لە خۆی مارە ئەکات ، کە پاشان لەگەڵ سوڵتان عەلی بەگی خەنلیج لە سەر خوازبێنی کچی بێگە بەگ ناخۆشییان دەبێت و سوڵتان عەلی بەگی خەنلیج دژی ئەو هەڵدەستێت و دەیهەوێت میری لەو بگرێت و قاتنمەنش بەگ بە جێگەی ئەو لە سەر تەختی میری دانێت و میرزا بەگ لە بانە دەر ئەکات .

میرزا بەگ کە زاوای بێگە بەگ میری ئەرەدڵان ئەبێت چۆنیەتی باسەکە بە بێگە بەگ ئەڵێت و داوای یارمەتی لێ ئەکات بێگە بەگ دێتە یارمەتی و قاتنمەنش بەگ لەو ناوچەیە دوور ئەخاتەوە و لەوەدوا میرزا بەگ تا کۆتایی ژیانی بە ئاسودەیی سەرقاڵی میری خۆی بوو ، کە لە دوای ژیانی پێنج کوڕ لە دوای بە جێ ئەمێنێت :

١ـ بوداغ بەگ یا بوداق بەگ

٢ـ سلێمان بەگ

٣ـ غازی خان

٤ـ میر محەمەدی دووهەم

٥ـ ئەغورلوو بەگ

## بوداغ بەگ کوڕی میرزا بەگ

بداغ بەگی بانە کوڕی میرزا بەگی میر محەمەدی یەکەم لە دوای مردنی باوکی بووە میری بانە ، و لە دوای چەن ساڵێک کە میری کرد براکانی میر محەمەد و ئەغورلوو کە لە دایکێکی دیکە بوون دژی ئەو هەستان و بداغ بەگ پەنای برد بۆ شا تەهماسۆب و داوای یارمەتی لە شا تەهماسۆب کرد بەڵام ئەجەل مۆڵەتی پێ نەدا و لە قەزوین گیانی لە دەس دا.

## سلێمان بەگ

سلێمان بەگ کوڕی میرزا بەگی میرمحەمەدی یەکەم لە ساڵی ١٠٠٠هـ ق لە دوای بداغ بەگ بە حوکمی دیوانی شاە تەهماسۆب میری بانەی درایە دەست و مزگەوتی شیوە (شوێ) و بەڕۆژە کۆن درووست کرد.

سلێمان بەگ بۆ ماوەی ٢٠ساڵ حکومەتی کرد بەڵام چون پیاوێکی با تەقوا و باش بووە همیشە لە ئەنجامی ئەم کارە هەستێکی ناخۆشی بووە، کە پاشان کچەکەی خۆی لە برازاکەی بەدرە بەگ کوڕی میرمحەمەدی دووهەم مارە ئەکات و میری بانەی دایە دەس بەدرە بەگ .

ساڵی ١٠٢١هـ ق چوو بۆ حەج کە پێشتر بۆ بەجێهێنانی حەج چۆتە ئەوێ بەڵام بۆ جاری دووهەم لە مەدینە دەمێنێتەوە و بە عیبادات و خواپەرەستی سەرقاڵ ئەبێت،

سلێمان بەگ کوڕی نەبووە و تەنیا یەک کچی بووە کە ئەیدات بە برازاکەی خۆی بەدرە بەگ کوڕی میر محەمەدی دووهەم.

سڵێمان بەگی گەورە کوڕی میرزا بەگ ماڵیان لە پشت دوخانیاتی ئیستا بووە و لەوێدا دەژیان ، وەک دەگێڕنەوە کاتێک سڵێمان بەگ ئەچن بۆ حەج ، ڕۆژێک دایکی خەریکی درووستکردنی کفتەی ناوتاوە ئەبێت دەس ئەکاتە گریان خزمەتکارێکیان ئەبێت بە ناوی شاتر ، شاتر کە مرۆڤێکی پاک و موسڵمان بووە لە دایکی سڵێمان بەگ ئەپرسێت بۆچی ئەگریت ، دایکی ئەڵێت سڵێمان هەمیشە حەزی لە کفتە ناوتاوە بوو شاتر ئەڵێت کارێکی نییە بیدە من بۆی دەبەم و شاتر ئەڵێت کە بۆی ئەبەم و دوا ماوەیێک دێتەوە دایکی سڵێمان بەگ ئەڵێت بڕیار بوو کفتەی بۆ ببەی بۆچی هاتیەوە شاتر ئەڵێت بۆم برد و خواردی و بۆ ئەوەی بڕوا بکەی نیشانەیەکی خستۆتە بوخچەکەوە ، کاتێک دایکی بوخچەکە ئەکاتەوە ئەبینێت کلکەوانەکەی سڵێمان لە بوخچەکەدایە و زۆر سەری سووڕ ئەمێنێت کە ئەم باسە لە زمانی نەوە و نەتیجەکانی سڵێمان بەگەوە دەم بە دەم و پشتاوپشت گێڕیاوەتەوە.

سڵێمان بەگ کە بۆ جاری دووهەم ئەچێتە حەج و لەوێ دەمێنێتەوە ساڵی ١٠٢٨هـ ق لەوێ گیانی لە دەس ئەدات و چون هەر لەوێ گیانی لە دەس ئەدات هەر لەوێ تەسلیم بە خاک دەکرێت و یەک دیانی دەگێڕنەوە بۆ بانە و لە مەزاری سڵێمان بەگی ئیستای بانە دەخرێتە گۆڕەوە کە هەر بەم بۆنەیەوە ناوی سڵێمان بەگ لەو گۆڕستان ئەنرێت.

سپاسێکی بێسنوور بۆ بەڕێز کاک عوسمان یونسی کە بۆ ئەم بابەتە هندێ نووسراوەی بە تەمەنی خستە ئێختیارمان.



# وێژه و كۆمەڵگا

سەقز. دوكتور شەماڵ ئیسماعیل پوور

ویژەی هەر گەلێک لە کۆمەڵە دەقێک پێک هاتووە کە بەرهەمی هەرمان و بەرچاوی پێش ھێنانی ئەو گەلەیە. ئەم وێژەیە بەسەر دوو ڕێچکەی هۆنراوە و پەخشاندا دابەش دەبێ کە جیا کردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە و وێژەوانان و فەیلەسووفان هەمیشە ویستوویانە هێڵی نێوانی ئەم دوانە تۆخ بکەنەوە.

بەگشتی وێژە باڵی بەسەر هەموو گەلاندا کێشاوە و وەک دەڵێن ژیانی هیچ گەلێک جیا لە وێژە نییە. یونگ دەڵێ: "وێژە دەربڕینی نەستی گەلە". بە دڵنیاییەوە فەرهەنگ بەشێکی بەر چاو و دیاری ئەم نەستەیە. کەوابوو بۆناسین و زانیاری وەدەستهێنان لە سەر فەرهەنگ دەبێ دەستەوداوێنی وێژە بین. لە سۆنگەی ئەدەبەوە ڕێگەی ئەبیستیمۆلۆژی هەموار دەکرێ و گەلێک دەتوانێ خاوەنی ئەم زانستە بێ کە توانیبێتی خاوەنی ئەدەبیاتێکی دیار و بەرچاو بێت. بەواتایەکی تر لە ڕێی وێژەی گەلێکەوە دەتوانین سەر لە زانستی ئەبستیمۆلۆژی ئەو گەلە دەربێنین. وێژە ئاوێنەی باڵانوێنی ئاکار و ئەخلاقی نەتەوەیەکە. گەلانی خاوەن ئەخلاق و ئاکار جوان بەدڵنیاییەوە وێژەیەکی ئاکارمەند و دەوڵەمەندیان هەیە. وێژە دەتوانێ لە تاکی کۆمەڵگا شارۆمەند دروست بکا و هەر وەها لەڕێی وەرگێران و ئاشنابوون لە گەڵ ئەدەبی گەلانی ترەوە ، ڕێگە لە دەمارگرژی و توندوتیژی بگرێ. گەلان و هاووڵاتییانی خاوەن ئەدەب کەمتر لە داوی دەمارگرژی کەوتوون و زۆرتر مرۆڤ دۆستییان کردۆتە پیشە.

لەڕاستیدا بەرهەم هێنانی فەرهەنگ کاری وێژە و ئەدەبە. ئەگەر بەتەما بین خاوەنی فەرهەنگێکی جوان و پاک و گەشەکردوو بین ، دەبێ لە سەر وێژە و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی بەهێز و کاریگەر کار بکەین و بەرهەمی باش بخوڵقێنین. دەستڕاگەیشتن بە حەقیقەت ، لە ڕێی وێژەوە دەکرێ. سی سی لویس دەڵێ: وێژە لەگەڵ ئەوەدا کە وەسفی ڕاستی دەکات، لێشی زیاد دەکا. بەپێی ئەم وتەیەی لویس وێژە دەتوانێ خوڵقێنەری ڕاستیش بێت و تەنیا بە وەسفی ڕاستییەکان ڕازی نەبێت.

وێژە ڕێنوێنی کۆمەڵگایە و دەتوانێ ژیانی خەڵکی بەرەو ئاقاری باش بەرێ و نووسەر بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێبەر و چاوساغی گەلە. نووسەر لە ئاست خەڵکەکەی بەرپرسیارە و وێژە هەڵگری ئەو

ڕەسالەتە قورسەیە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە لە ژانری تایبەت کەڵک وەردەگیرێ . بەپێی بارودۆخی سەردەم و پێویستی کۆمەڵگا و شوێندانەری و کاریگەری تایبەت و ئاستی خوێندەواری گەل ، ژانرەکان دەستنیشان دەکرێن. نووسەر بەم پێیە بەرهەم دەخوڵقێنێ. ژانرە ئەدەبییەکان لە نێو گەلانی جیهاندا هاوبەشن و لە هەر جێیەکی جیهاندا بەرهەمی ئەدەبی بخوڵقێ، لە ژانرە جیاوازەکان کەڵک وەردەگیرێ. بەڵام گەلانی پێگەیشتوو و خوێندەوار لە دوو شێوازی ڕۆمان و چیرۆک زۆرتر کەڵک وەدەگرن و ئەم دوو ژانرە لە جیهانی مۆدێڕندا، زۆرتر بەرچاون.

ئەدەبی کوردیش لەم یاسایە بەدوور نییە و نووسەری ئێمەش بە پێی ئەم ڕەوتە دەچێتە پێش. بەداخەوە لەبەر هەلومەرجی تایبەت بە گەلی کورد و وڵاتی کوردەواری، کەمتر ئاوڕ لە پەخشان دراوەتەوە و زۆرتر هەست و نەستی کورد لە هۆنراوەدا خۆی دیوەتەوە. کار بۆ ڕۆمان و چیرۆکی تکنیکی، وەکوو دوو دیاردەی مۆدێڕن ،سالانێکە سەری هەڵداوە و بەحەق کاری زۆر جوان و باشیش کراوە. بەڵام لە چاو ئەدەبی گەلانی پێشکەوتوو زۆر ساوایە و دەبێ کاری جیدی بۆ بکرێ.



# درآمدی بر شیوه‌های واژه‌سازی معاصر

(نمونه - های مواردی: زبان - های انگلیسی، کردی و فارسی)

ایلام. کامران رحیمی
مترجم: جعفر سریش‌آبادی

## زبان و زمان

زبان ، به عنوان پدیده‌ای اجتماعی، ارتباط مستقیمی با زمان دارد . با گذشت زمان، بسیاری از آداب و رسوم و باورهای اجتماعی دستخوش تغییر و تحول می‌شوند و زبان نیز به عنوان پدیده‌ای اجتماعی، نمی‌تواند از این روند جدا باشد.

ظاهراً « واژه» اولین سطح از زبان است که در فرایند تغییر و تحول قرار می‌گیرد، به همین جهت ، اهالی فرهنگستان به نحو مناسبی می‌توانند از این تحول معنایی برای واژه‌سازی استفاده کنند . واژه در گذر زمان با چهار حالت مواجه می‌شود که عبارت اند از:

۱ ـ برخی از واژگان به جهت مسائل و تحولات سیاسی، دینی و فرهنگی از فهرست کلمات زبان سترده می‌شوند ، و احتمالا ً این زدایش، برای همیشه باشد ؛ به عنوان مثال ، وقتی زبان ادبی کردی از «گورانی» به «سورانی» و «کرمانجی» تغییر یافت ، بسیاری از واژگان زبان ادبی گورانی متروک و مهجور ماندند و در دایره ی زبان نوپای جدید قرار نگرفتند ؛ به عنوان نمونه: ویر(یاد)، نه‌مانو (نماند)، مه‌چم (می‌روم) ، په‌ی (برای)، جه، ژه (از)، خاس(خوب) ، یاوام(رسیدم) ، ساچنا(ساخت) ، و ... . همچنین می‌توان به تغییر دین مردم ایران از زرتشتی به اسلام اشاره کرد که باعث از بین رفتن بسیاری از واژگان مربوط و متناسب با کیش زرتشتی شد .

۲ ـ برخلاف مورد اول، برخی از واژگان ،عمری طولانی و جاودان گونه دارند به گونه ای که در چندین دوره به حیات خود ادامه داده‌اند، نظیر: دیل (اسیر) ، روژ (روز) ، شایی (شادی)، شه - وگار (شب هنگام) ، به - ش (سهم، قسمت)، چاف/چاو/چه - م(چشم)، هیفی/ هیوا/ ، همی (امید) و... .

۳ ـ پاره ای از واژگان ، براثر تحول و دگردیسی سیاسی، فرهنگی و معیشتی جامعه ، با حفظ معانی گذشته، معانی نو و امروزین را می‌پذیرند . این فرایند، مناسب‌ترین شیوه در امر واژه‌سازی است که به چند نمونه اشاره می‌شود:

هێڵ / :hêllاین واژه در گذشته و حتی امروز به معنای شیار شخم بوده است . امروزه علاوه بر آن به معنی خط و سطر نوشته نیز به کار می رود .

جوان/ : cwanدر اصل به معنی جوان است که امروزه در سورانی با حفظ معنی گذشته، به معنی زیبا و قشنگ هم هست ؛ چه، ایام جوانی سن طراوت و زیبایی است.

خاڵ/ :xallنشانه ی معروف سیاه رنگ بر پوست ، که امروزه علاوه بر آن ، در معنی «نکته» و«نقطه» هم به کار می‌رود.

سوور/ :sûrبه رنگ سرخ گفته می‌شود . امروزه غیر از معنی مشخص آن ، در کردی«فیلی» به معنی «داغ» است ، زیرا بسیاری از اشیا به ویژه آهن به واسطه - ی ِ گرم شدن ، سرخ می‌شوند .

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

زین / :zînامروزه ، علاوه بر معنای سنتی آن که همان نشستگاه چرمی اسب است ، در مفهوم صندلی و محل نشستن راکب دوچرخه و موتور هم گفته می شود .

4 - بر خلاف واژگان فوق، واژگان این دسته، معنی قبلی خود را از دست داده و معنی جدیدی را می‌پذیرند؛ نظیر: گه - ور/ gawr، که ریشه‌ی این کلمه به «گه‌ور» یا «گور» و یا «گبر» به معنی زرتشتی برمی‌گردد (معین، :۱۳۷۵ج ۳، واژه‌ی «گوران» هم که نام‌گویشی قدیمی از زبان کردی است از همین کلمه گرفته شده است. چنان چه ابولفتوح رازی در«روضه‌الجنان» می‌نویسد: «اما یهودیان و مسیحیان و گوران یا باید مسلمان شوند و یا جزیه بدهند» (ابولفتوح رازی، ج .۲۳۶: ۲).

امروزه «گه‌وره» معنی گذشته‌اش را از دست داده و فقط به معنی «بزرگ» است.

رند/ :rindدر اصل به معنی زرنگ و مکار است ، اما امروزه در کردی «کرمانجی» به معنی، خوب و زیبا به کار می‌رود.

چکیده - ی بحث آن است که با حفظ جوانب لازم و پرهیز از افراط ، می توان از واژگان کهن برای ساخت واژگان در معنی و مفهوم نزدیک بهره برد .

شیوه‌های واژه‌سازی معاصر

در گذشته واژه‌سازی عموماً به روش‌های سنتی و طبیعی صورت می‌گرفته است، اما در این اواخر به سبب این که نویسندگان، زبان - های دیگری را هم فراگرفته‌اند ، شیوه‌ی ترجمه - ی کلمه به کلمه ( calgue)در بیشتر زبان ها رایج شده است.

دیگر این که واژه‌گزینی به واسطه - ی پیشرفت علم و تکنیک و هنر و... در هر زمینه‌ای زایش داشته است، در این جا به مهم ترین شیوه‌های واژه‌گزینی و واژه‌سازی در مهم - ترین زبان‌های اروپایی که با زبان کردی سنخیت دارند ، اشاره می‌شود:

۱ ـ وام‌گیری ( borrowing)

در این روش، واژه یا واژگان ، مستقیما ً از زبان بیگانه اخذ می‌شوند و ممکن است تا اندازه‌ای تلفظ این وام واژه‌ها در زبان وام گیرنده تغییر یابد، نظیر: فوتبال، والیبال، سینما، تلفن و ... .

این روش، امروزه در بین زبان - های زنده‌ی دنیا به خاطر مبادلات فرهنگی و بازرگانی و ... امری طبیعی محسوب می‌شود؛ به عنوان نمونه، زبان انگلیسی به همان اندازه که به زبان های دیگر واژه وام داده، به همان اندازه هم از زبان های دیگر تأثیر گرفته است، به عنوان نمونه: ( alcoholعربی) ،

( bossهلندی) croissant ، ( فرانسوی) lilac ، ( فارسی)، ( pianoایتالیایی)، ( pretzelآلمانی)، tycoon )ژاپنی) و ( yogurtترکی) (جورج‌یول، .۷۹:۱۳۸۴)

پیداست هر ملتی که از وام گرفتن واژه و داد و ستد با زبان های دیگر بپرهیزد ، زبانش درمانده - تر وامانده - تر می شود و گستره - ی واژگانش محدودتر . آن چه برپیکره - ی زبان ، آسیب اساسی و جدی وارد می کند ، نه وام واژه که تاثیر پذیری صرفی و نحوی از زبان بیگانه است و شاهد این مدعا نحوه‌ی تلفظ واج های «گ وچ» در گویش‌های مرکزی کردستان به ویژه موکریانی و هولیری است که ترکانه تلفظ می شوند و نیز تاثیر دستگاه واجی عربی در دو آوای «ح و ع» است که بر کردی مرکزی و شمالی سایه افکنده است و باز نشانه - ی جمع «ها» در فارسی است که به لهجه مهابادی وارد شده است؛ به عنوان نمونه: «ساله‌هایه» .

این در حالی است که وام واژه تنها به یک منظور و در یک معنی به کار می‌رود ، اما واج ، آوا یا تکواژ و هر قاعده - ی نحوی و صرفی بیگانه - ی دیگر ، در بلند مدت با هزاران واژه در می‌آمیزند و ریخت طبیعی و کارکرد زبان را دستخوش تغییرات غیر قابل پیش‌بینی می‌کنند.

از سوی دیگر وظیفه‌ی اصلی واژه، نشان دادن منظور و مفهوم است، اما ممکن است بعد از مدتی این واژه دیگر نتواند در آن زبان چنین نقشی را بازی کند و رفته‌رفته به آرشیو رفته ، بایگانی شود.

طرز تفکر جزمی و متعصبانه در مورد وام‌گیری واژه هیچ نتیجه‌ای غیر از محدود کردن زبان در بر ندارد. زیرا کلمات بسیاری هستند که در کردی معادل ندارند و اگر هم معادل‌سازی شده‌اند چندان زیبا و خوشایند و با مسما نبوده اند .

پیشنهاد می‌شود کلماتی همچون: ساختار، ساخت، ساختمان،و ... از زبان فارسی وام‌گرفته شود تا در صورت لزوم و در فرصت مناسب معادل مناسبی برای آن ها ساخته شود ، کما این که در فارسی ، واژه‌هایی همچون «هلیکوپتر» و« غیر مترقبه » پس از چهل سال کاربرد، در همین اواخر واژه - های «بالگرد» و «پیش‌بینی نشده» جایگزین آن‌ها شده است . همچنین فرهنگستان زبان و ادب فارسی واژه‌ی دو بخشی «خبر» را از عربی وام‌گرفته و از این «وام واژه» ده‌ها ترکیب جدید ساخته است، مانند : خبری، خبرنامه، خبرنویس، خبرنگار، خبرگزاری، خبرچین، خوش‌خبر، باخبر، خبردار، خبردادن، خبرداشتن، خبرگیر، خبرساز، خبردهی، خبررسانی، بی‌خبر و... .

وام‌گیری واژه به شیوه‌ای دیگر رایج است و آن ترجمه ی لفظ به لفظ ( loan– translation) یا ( calque) است؛ مثلاً: سوپرمن انگلیسی، ترجمه ی لفظ به لفظ ( ubermensch) آلمانی است یا«ده‌–زگاکانی راگه - یاندن» درزبان کُردی ترجمه - ی لفظ به لفظ انگلیسی ( mass madia) است. و واژگان «وتوویژ، وتار، ئه - ندازه - یار، ته - واوکه - ر» ترجمه - ی لفظ به لفظ کلمات «گفتوگو» و «گفتار» فارسی و «مهندس» و «متمم» عربی هستند.

۲ ـ ابداع ( coinge)

در این شیوه ، نام بازرگانی کالا و یا شرکت سازنده ی محصول، به خود محصول اطلاق می‌شود. این شیوه بیشتر در کشورهای صنعتی متداول است ؛ مثلاً : بنز، تویوتا، آسپرین، ایزوگام ، که از طریق واردت کالا از غرب رایج شده و یا برف و ریکا و پفک که نام تجاری کالاهایی هستند که امروزه در معنای خود محصول به کار می روند .

۳ ـ ترکیب ( compounding)

در این روش ، از ترکیب دو واژه‌ی مستقل، واژه ی نوینی ساخته می شود . این روش در زبان های آلمانی و انگلیسی و کوردی و فارسی کاربرد بسیاری دارد؛ به عنوان مثال، در کردی این ترکیب ها بدین شیوه ساخته شده‌اند: ده ‌ستکه ‌وت (دستاورد) نویخواز (نوگرا)، ڕێبوار (رهگذر)، ناسنامه (شناسنامه) .

۴ ـ ادغام ( blending)

در این روش، همچون روش ترکیب، دو واژه با حذف بخش - هایی از آن - ها با هم ادغام می‌شوند ؛ به عنوان مثال: در آمریکا محصولی وجود دارد به نام gasoline که از alcohol به دست می‌آید. این دو واژه به شیوه‌ی «ادغام» تبدیل به ( gasohol) شده‌اند. (جورج یول، 79:1383 .

همچنین ، در فارسی «فوتبال سالنی» را «فوتسال» می‌گویند و در کردی تا حدودی می‌توان به واژگانی اشاره کرد که به صورت طبیعی ساخته شده‌اند،نظیر: جوامیر (جوان + ئەمیر)، تامەزرو (تام + ئارەزوو)، میرزا (ئەمیر + زادە)، پاشا (پاد + شاە)، مانیشت(مانگ+ نیشت: نام کوهی در ایلام) .

۵ ـ کوتاه سازی ( clipping)

در این روش ، بخش های پایانی واژه حذف می‌شوند؛ به عبارت دیگر ، فقط بخش اول یا دوم واژه باقی می‌ماند. البته «کوتاه‌سازی» روش ویژه‌ای در واژه‌سازی نیست و این شیوه بیشتر جهت سهولت در تکلم در واژگان چند هجایی به کار می‌آید. به عنوان مثال ، واژه‌ی labکوتاه شده یlaboratory، یا tvمختصر شده ی televisionو در فارسی رادیات کوتاه شده‌ی رادیاتور است.

۶ ـ مصدر جعلی یا ساختگی

در این شیوه ، از اسم یا صفت، مصدر می‌سازند. این شیوه یکی از کارآمدترین شیوه‌های واژه سازی در این دوره محسوب می‌شود، به ویژه در واژه‌سازی علمی که از خیلی قبل در ز

بان کردی به شیوه‌ای طبیعی وجود داشته است. گرچه ادیبان سنتی به این خاطر که این روش برخلاف قواعد دستوری زبان بوده است آن را «مصدر جعلی» نام نهاده‌اند.اما به نظر نگارنده این روش نه تنها جعلی نیست بلکه با جوهره‌ی زبان کردی بسیار هماهنگ است از این رو نام مصدر ساختگی (چاوگی دەسکرد) را بر آن نهاده‌ام ( رحیمی، کامران، دستور جامع زبان کردی گویش فیلی ٧٧، . ١٣٨١)این روش پرکاربرد تا حدودی به شیوه‌ی پس‌سازی ( back for mation)در زبان های اروپایی نزدیک است؛ برای نمونه ، در انگلیسی از اسم televisionفعل televiseو هم چنین در فرانسه فعل televiserدرست شده است. در عربی هم واژه‌های تلفن و یتلفن به کار می‌روند و در زبان کردی نیز از اسم یا صفت افعالی پدید آمده‌اند به عنوان مثال: در کرمانجی از «خەبات» و «حەل» فعل های دخەبتین (مبارزه کردن) و دحەلی (حل شدن) ، در سورانی از «کورد» و «خولق» فعل - های کورداندن (کردی شدن) و خولقاندن (خلق کردن)، در فیلی از «خەلەت» (غلط/ هە - لە) فعل خە - لە - تانن (فریب دادن، مشغول کردن)واز«تە - لە - ف» فعل «تە - لە–فانن»درست شده است.

۷ ـ اشتقاق صفر ( zero derive ation)

واژه در این روش ، از حیث شکل و ساختار ،هیچ تغییری پیدا نمی کند، تنها نقش دستوری آن عوض می‌شود؛به عنوان مثال ، «زانست» و «خواست» که در اصل بن ماضی از مصدرهای «زانستن» و «خواستن» در شاخه‌ی کردی جنوبی هستند، در گویش سورانی به عنوان اسم و در معنی «علم» و «درخواست» به کار می‌روند ، چنان چه در جملات ذیل آمده است:

کوردی فیلی: «براگەم زانست چە بوی ئمجا خواست بچوو (برادرم دانست چه اتفاقی افتاده پس خواست برود).

در این جمله «زانست» و «خواست» فعل‌اند، اما همین واژگان در کردی سورانی به اسم و صفت تبدیل شده‌اند؛ به عنوان مثال: خواستی کوری زانستی زمانی کوردی، فیرکاری گشتی زمانی کوردییە (درخواست مجمع علمی زبانی کردی، آموزش همگانی زبان کردی است).

۸ ـ سر واژه‌ها ( acronyms)

در این روش از حروف اول ترکیب یا گروه اسمی، واژه‌ای نو ساخته می‌شود. کاربرد این روش بیشتر برای عبارات و ترکیباتی است که از چند واژه به وجود آمده‌اند، به عنوان مثال: رادار که از حروف اول واژگان گروه

اسمی radio detecting and rangingترکیب شده است. در کردی نیز نزدیک به نیم قرن است که این شیوه رایج شده است اما بیشتر برای خلاصه کردن اسم احزاب به کار می‌رود ؛ مثل: ژ، ک– پ. د. ک– پ. ک. ک و . ...

٩ ـ قیاس ( Analogg)

در این روش، بدون توجه به معنی و مقوله - ی دستوری ، واژه در قیاس با ساختار واژه‌ای دیگر ساخته شود ؛ به عنوان مثال، واژه‌ی « سرما » در مقایسه با کلمه ی «گرما» درست شده است ، حال آن که ریشه - ی کلمه ی سرما، سرد است نه سرم (سرم+ا) یا واژه‌ی نوساخته‌ی«دژواز» مطابق با ساختار واژه‌ی «جیاواز» ساخته شده است .بی آن که ماهیت دستوری تکواژه«واز»مشخص شود.

١٠ ـ اشتقاق ( derivation)

در این شیوه ، واژه با وندهای زبان (پیشوند، پسوند، میانوند) ترکیب شده ، واژه‌ی نوساخته می‌شود؛ به عنوان نمونه: وتار، سەروک، کومار، نووسەر، بیسەر، خوینه - ر، نیشتمان، روانگه و... .این شیوه به دلایل زیر، از سایر روش‌های واژه گزینی مناسب‌تر به نظر می‌رسد:

١ ـ ١٠ ـ از حیث تعداد هجا از سایر روش‌ها کوتاه‌تر است ؛

٢ ـ ١٠ ـ بخش غیر مستقل زبان ، یعنی وندها مورد استفاده قرار گرفته و در معانی جدید حیاتی تازه می‌یابند؛

٣ ـ ١٠ ـ ریشه ی واژه در واژگان مشتق یکی است ؛ به همین خاطر در یادگیری چنین واژگانی کافی است که معنی ریشه دانسته شود ؛ به عنوان نمونه ، واژگان: زانا، زانایی، زانیار، زانیاری، زانستگا، زانکو، زانست، زانستی، زانستیانه، نەزان، نه - زانکاری و... از ریشه ی « زان » گرفته شده اند ؛

٤ ـ ١٠ ـ توانایی‌ها و قابلیت‌ها و ظرفیت‌های این شیوه از سایر شیوه‌ها بیش‌تر است؛

٥ ـ ١٠ ـ روش اشتقاق با خصایص و روح زبان های آریایی نظیر: کردی، فارسی، آلمانی، انگلیسی و ... هم خوان است؛ به طوری که همین خصیصه منجر به تمایز زبان‌های آریایی از زبان های دیگری چون سامی، عبری، عربی، ترکی، چینی، مغولی، و ... شده است .

١١ ـ گسترش معنایی

در این روش، واژه با توسع معنایی ، معانی تازه و جدید و نزدیک به معنی اصلی را می پذیرد . در کردی نیز، هم چون فارسی و انگلیسی این روش بیشتر از نیم سده است که برای واژه‌سازی به کار می‌رود ؛ مثلا ، واژه ی «دەنگ» در اصل به معنی «صدا» است اما امروزه معادلی است برای phoneدر علم زبان شناسی وهمچنین معادلی برای واژه‌ی ( voteرأی) می باشد یا واژه‌ی «زاراوه» که در اصل از «زار» به معنی «دهن» گرفته شده (هەژار، ١٣٧٥، ٣٥٢) و امروزه برای dialectو idiomهم به کار می‌رود.

زبان کردی به واسطه - ی گویش - های گوناگون، جغرافیای وسیع، انبوه گویشوران و هم چنین مذاهب مختلف (شیعه ، سنی، یارسان، ایزدی، علوی ) و فرق و طریقت‌های عرفانی و ... توانایی - های بسیا

ری را داراست که می‌توان آن را از قوه به فعل درآورد . گفتنی است در این شیوه ، می باید هر واژه در بردارنده - ی یک معنی باشد.

١٢ ـ بهره گیری از زبان‌های کهن

در این روش می توان ، در هنگام لزوم از زبان های باستانی اوستایی و پهلوی به مثابه - ی میراث اقوام ایرانی و نه قومی خاص با شرایط زیر بهره گرفت :

۱ ـ باید زمانی از این شیوه بهره‌جست که هیچ یک از روش های واژه‌سازی مورد اشاره و حتی ذخایر واژگانی سایر گویش های کردی راهگشا نباشد؛

۲ ـ جهت معادل‌سازی واژه‌های علمی از این شیوه بهره گرفته شود؛

۳ ـ خوش آهنگ و همخوان با نظام آوایی کنونی زبان کردی باشد .

فرهنگستان دوم زبان و ادب فارسی ، سال‌ها پیش با بهره گیری از این شیوه ، واژهای زیر را ساخت :

از اوستایی :

« ترابری» برای transportation، »پردیزه » برای campus، »آوا » برای vowel، و»واج» برای phoneme .

از پهلوی :

«آمار » از » – amarارز » از arz، » استان » از estanan، » پرستار» از parastar، »وزیر» از vicar و »پزشک» از bacack.

در این راستا زبان شناسان کُرد نیز کوشیده‌اند از پهلوی بهره‌بگیرند و واژگانی چون: بنیات از bun–dat، دژ از dushو پیرست از pehrestرا بسازند .

علاوه بر این ها ،زبان های انگلیسی وفرانسوی نیز از میراث مشترک زبان های باستانیشان چون لاتین واژه های مشهوری چون : ارگان از organon– آکادمی از akademeia، پان از pantosو جغرافیا از jedgrafiga یونانی و همچنین آنتیک از gentiqusو آکواریوم از aguariumلاتینی و ... ساخته اند.

---

منبع : این جستار، ترجمەی بخشی از کتاب اصول و قواعد واژەسازی در زبان کردی است .ر.ک:بنەماکانی وشەسازی لە زمانی کوردی،کامران رەحیمی،گوتار، ۱۳۸۸

❖ کامران رەحیمی ،کوردی فەیلی ئیلامە



## شاعیر زۆرن بەڵام شیعر کەم

بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئەوەی بە ناوی شیعر لە قەڵەمی شاعیران دەچۆڕێ هەمووی شیعرە؟ دیارە وەڵامەکە نایە. چونکە شیعر باڵدارێکی هێندە سرکە، کەوی کردنەکەی بۆ هەموو کەس بووز ناخوا. چونکە شیعر هەروا گۆترەکاری و لەخۆڕا نووسین و قسە کردن نییە، شیعر دنیایەک ئەزموون و تەجرەبەی پێویستە و نووسەری دەقی شیعری دەبێ زۆر شیعرناس و خاوەن بیروڕا بێت لەو بوارە دا و شارەزایی بە سەر هەموو لایەن و شێواز و هونەرە شیعرییەکاندا هەبێت. وەک دەزانین شیعری ئەمڕۆ یانی لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین بە ناو شیعری ئەمڕۆ، (چونکە ئیتر ئەم کۆمەڵە وشە ساردوسڕ و بێ ناوەرۆک و بێ بنەمایانە شیعرنین) هیچ تایبەتمەندییەکی شیعرییان تێدا نییە. شیعرێک هەست نەبزێوێ و نەتجووڵێنێ و مۆچرکە بە لەشتدا نەهێنێ و مووی لەشتی پێ قرژ نەبێ شیعر نییە و تەنیا کۆمەڵێک وشەی مردووە و خاوەنەکەی ناوی شیعری لێ ناوە. دنیای ئەمڕۆ دنیای سەرقاڵی و کێشە دەروونییەکانە و هەموو کەس بە ڕادەی کافی گرفتاری و ئاریشەی ژیانی هەیە و ناپەرژێتە سەر خوێندنەوەی چروپڕ و دەقی درێژ. بۆیە شیعری کورت و پڕ ناوەرۆک بۆ خوێنەری بەپەلە و سەرقاڵی ئەمڕۆ بەکەڵکە. کورتە شیعرێک کە لە چەند دێردا مانا و پەیامی خۆی بگەیەنێ و بەردەنگەکەی ڕازی بکات و چێژی پێ ببەخشێ. ئەگەر لەو دەلاقەیەوە بڕوانینە دنیای شیعری سەردەم بۆمان دەردەکەوێ ک.د.ئازاد گۆی مەیدانەکەی لە دەست دایە و هیچ کەس بەڕادەی ئەو گرنیگیی بە کورتە شیعر نەداوە:

برینەکان بە خوێ دەشۆم!<br>
تا گیان مابێ،<br>
قەت قەت لە بیرم نەچێتەوە<br>
چەقۆ بۆ متمانە نابێ!

ک.د.ئازاد لەو بوارەدا خاوەنی دەنگ و شێوازی خۆیەتی و لە نێو سەدان کورتە شیعردا شیعرەکانی دەناسرێتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شیعری ک.د.ئازاد زەبری کۆتایی شیعرەکەیە و زایەڵەی دەنگدانەوەکەی لە مێشک و بیری بەردەنگ و خوێنەرەکەیدا بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن دەمێنێتەوە:

دوایین گەڵای پیرەدارێ<br>
کەوتە خوارێ!<br>
پێش ئەوەی بگاتە سەر زەوی،<br>
پەیامێکی بۆ شەختە نارد :

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

مەرگی من مەرگی دار نیە!
مەرگی داریش،
بڕانەوەی نزار نیە!

دەڵێن قافیە دەست و پێی شاعیر دەبەستی و وەزن مەیدانی بیرکردنەوەی لێ بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵام لە شیعری ک.د.ئازاددا بۆمان دەردەکەوێ کە قافیە چەندە کلیلێکی گرینگە و قورسایی مانا و ناوەڕۆکی شیعرەکەی هەڵگرتووە. کێشی ڕەوانی شیعرەکەش یارمەتیی خوێنەر و بەردەنگ دەدا بۆ ئەوەی بە چێژێکی زیاترەوە پەیامەکە وەرگرێ:

لە عاستی هیچ دەسەڵاتێ ،
هەرگیز سەرم دانەنەوی!
- بۆ هیچ کەسێ -
سوژدەم نەبرد،
وەک ترسەنۆک!
هەرخەیاڵ بوو
بۆ زێڕ و زۆر
بێمە سەرچۆک!
بەڵام کاتێ گەڕامەوە
بۆ زێدەکەم
ئازاد، بێ باک
سوژدەم برد و
ناوچاوانم،
خستە سەر خاک!

داهێنەری ئەو شێوازە شیعرییە عەبدوڵڵا پەشێوە و ک.د.ئازاد گەشە پێدەر و درێژە پێدەری ڕێگاکەی پەشێوە و بەڕاستیش لەو بەستێنەدا سەر کەوتووە. ئەمەش چەند کورتە شێعری عەبدوڵڵا پەشێو و ک.د.ئازاد:

کاتێ سەرم دەکەمە سەر شلکەی ڕانت
ئەی شۆڕە کچ
دڵنیاتر لەو کۆترەی
لە بەرپێی پەیکەری پووشکین دەخولێتەوە.
کە شلکەی ڕانت سڕ دەبێ و سەر هەڵدەگرم
تەنیاترم لەو شادێرەی
لە شێعرێکا شەهید دەبێ و دەکوژێتەوە.
................................ عەبدوڵڵا پەشێو

پۆلە وەنەوشەی شەرمی تۆ و
گوڵ هەناری پێکەنینت،

دەمخەنە سەر ئەو بڕوایە
کە وێدەچێ
بەم پایزە
بەهار مەیلی
گەڕانەوەی لە سەردایە !
.............................. ک.د.ئازاد

من بە خوێنی خۆم شێعر گۆش دەکەم،
گەرچی دەزانم گیانکێشم ئەوە،
شەو لە توێی خۆیدا گزنگ هەڵدەگرێ،
گەرچی دەزانێ
یەکەم تیری ڕۆژ بۆ جەرگی شەوە!
..................... عەبدوڵلا پەشێو

لە هەر چی کارگە بێزارم!
چ ژاراوی
چ خۆراکی!
چ لە کوێستانی من بڕوێ
چ هەڵەبجە و هیرۆشیما
چ سەردەشت و ناکازاکی
.....................ک.د.ئازاد

سەبک و شێوازی ئەم دوو شاعیرە یەکە و هەردووکیان لە سروشت و جیهانێکی ڕاستەقینە دەژین. ئەشقی وڵات و خاک لە شێعری هەردووکیاندا شەپۆل دەدات و ئەشقە ڕاستەقینەکەشیان لە یەک کانیاوی هاوڕەنگ و هاوچێژ هەڵدەقوڵێ.

هەڵۆیەکی بەرزی تیژ باڵ ،
لە لانەی خۆی نەفرەتی کرد !
کاتێ زانی :
لە سەر ترۆپکی ئەو شاخەی
کە تا دوێنێ لانەی ئەو بوو
ئەمڕۆ قەلێ هەڵنیشتووە !
چیا بەڵێنی پێداوە و
شاخ لە گەڵی ڕێک کەوتووە
.......................ک.د.ئازاد

تۆ چەکەرەی چەمەنزاری،
من درەختێکی ڕەهەندە
چۆن تێک بگەین؟

دیوارێکمان لە بەینایە،
بیست و یەک بەژن بڵندە.
..................عەبدوڵڵا پەشێو:

من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ک.د.ئازاد لاسایی پەشێوی کردۆتەوە، یان بە پێچەوانە، بەڵکوو لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەشقەکەیان هاولف و ئاوەڵدووانەیە و کتومت لە یەک دەچن.

پاڕانەوە،
جووتێ پێڵاوی چڵکنی
بن دڕاوی شەق و شڕە!
پاش هەزاران کەس، سەرەت دێ و
هەرچەند بە دڵ قەت ناتهەوێ،
کە لە پێت کرد،
خۆت لە بەر چاوان دەکەوێ!
......................ک.د.ئازاد

لێرەدا نامهەوێ بچمە سەر وەردەکارییە ناوەکییەکانی شیعری ک.د.ئازاد و ئەو بوارە دەهێڵمەوە بۆ خاوەن ڕایان و ڕەخنەگرانی کارامە. لێرەدا تەنیا دەمهەوێ نموونە سەرکەوتووەکانی شیعری ک.د.ئازاد بخەمە بەر دیدەی خوێنەران و چێژە شیرینەکەیان وەبیر بهێنمەوە.

باش دەزانــێ خۆشم دەوێ
باش دەزانــم خۆشی دەوێم!
کە دەست دەخـاتە ناو دەستـم
دادەگیـرسێ وەکـوو سۆبە،
گەرم گەرم!
ماچی دەکەم،
دەتـوێتەوە
دەبێتە شەونم و شەرم!
.................................

کە چاو دەدوێن؛
شێعر و پەخشان و گۆرانی
قامکە تیتەی ئەو ڕازە نین
نیگا دەیڵێ بە ئاسانی!
.......................................

ئەوین لستنەوەی هەنگوینە
لە سەر لێوی تیژی خەنجەر
ئازادیش خۆی کایەی مەرگە
بە خوێن بە سەر

با چەند شیعری ک.د.ئازاد بێهنین و وەزن و قافیەکەیان لێ دابماڵین و بیانهێنینە سەر شێوازی ئەو بەناو شیعرە بێ ناوەرۆک و بێ بنەمایانەی پێیان دەڵێن شیعری سپی یان شیعری ئازاد یان بەرەی چەند و

ئێلەوبێلە. بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ هونەری شیعری گرینگە و وەک ئەوان دەڵێن نە هونەر لە بێ هونەری دایە و نە ماناش لە بێ مانایی دایە!

ڕابردوویان بۆ نووسیوم
دەسەڵاتی گۆڕینیم نییە
چاک بێ یان خراپ بە شوێنمەوەیە
بەڵام داهاتوو شێعرێکە
چۆنم پێخۆش بێ دەیهۆنمەوە.
......................................
ڕابردوویان بۆ نووسیوم
دەسەڵاتم نیە بیگۆڕم!
چاک یا خراپ بە شوێنمەوە!
بەڵام داهاتوو شێعرێکە
چۆن پێم خۆش بێ دەیهۆنمەوە !
..........................
ڕانەمەڕی ئەم چیایە
قەت ئەو گورگانە نابەخشن
کە پێڵاو شوان دەلێسنەوە
بۆ نان کلکەسووتە دەکەن.
.....................................
ڕانە مەڕی ئەم چیایە
قەت نابەخشن ئەو گورگانەی
دەلێسنەوە پێڵاوی شوان
کلکەسووتە دەکەن بۆ نان
.....................................

**سەرچاوە**: کتێبی چریکەکانی خامۆش، کۆمەڵە شێعر ، ک.د.ئازاد، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی ئانا، سنە ۱۳۹۳



# ڕووبار

سەقز. دوکتورشەماڵ ئیسماعیل پوور

پۆلێ کانی چاوگەش و جوان
بوونە هاوڕێ
بڕیاریان دا بچنە سەفەر
چی شک بەرن بۆ ڕێگەی دوور
لە چاوی خۆ بیهێننە دەر
پاکی و جوانی بەفری بێگەرد
قەڵافەتی لووتکە و شکۆ
ورە و ڕەوتی خێوی شاخان
چیرۆکی نێو ئەشکەوت و
وردە نەغمەی ڕەز و باخان
داستانی مێردانی شەوقەڵا
خۆڵی جێ پێی کاریزماکان
ئەوانەی وا ڕێگە و خوێنان
بۆتە رووگەی خۆر و گەڵا
خۆڕاپسکانی شۆخە شاری دیل و کۆیلە
بۆنی نان و ئاواتەکانی گوندی پڕراز
سرتەی نەرمی حەشارگەی قەدپاڵی کێو
بریسکانەوەی دووربینێکی خێوی خەبات

ڕەنگی شەپۆلێکی تازەگەری و جانتایەکی
شینی پڕ لە بەڵگەی سەردەمیانە
خوڕەی هزری هزروانی گەلێکی دەم کەل
لرفەی لێمشتێکی قین و تۆڵە
گڤەی گەردەلوولێکی تەرەی مێژوو
لەنجە و لاری بووکی ئاوات
تاسەی دایکی کیژێکی لە ڕەوەزدا نووستوو
نەرمە سۆزی گۆرانی پیرەپێشمەرگەیەکی
باریکەڵەی تیژ و هەڵچوو
لە گەڵ پۆلێک مەلی ئەویندراری ئاو و
چەنها ماسی دەم خوڕێنکی
تەسکە بوارێکی مندالەڕێ
خۆیان خستە پێدەشتێکی سەوزی بەهار
سەرمەست ، نەرم و نیان ؛ نەمر بوونە
ڕووبار
ناو و نێوبانگی نیشتمانێکیان پێدریا
تا تام و ڕەنگ و بۆن و زمانی تێکەڵ کەن
لە گەڵ وشە و پەیڤی دەریا

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# دو بیتی کوردی

آبدانان. نبی احمدی

"١"

م چی بافەی گەنم، خوەت چی بڵاچە
گڕەم داین و سەر ئەڵگرتی؛ ڤ ِ جای چە؟

هێگا ئەڵ ئانە . . . یەی ڕۆ گِل تیاری
ڤەلی مەرج ِ بەتاڵۆنە دو ماچە!

Mi çî bafey genim, xwet çî bilaçe
giřem daynu ser elgirtî; vi cay çe?

tiyarî-heyga eľ Ane ... yê rû gil
velî merc i betaľone du maçe.

ترجمه:
من خوشەی خشک و رسیدەی گندمام و
تو زبانەی آتش

چرا سوزاندیام و جایم گذاشتی و رفتی؟
ولی انگار همین حالاست
یک روزبر میگردی
اما شرط پشمانی مان دو بوسه است...

"٢"

نیشی ئەڵ بۆن بەرزی کێو ئەناران
هێگاتی کەوگێکی دەو وەرنساران

کەمانێ ها دەس ِ پیرە شکارێ
خوەت ئەڵ لاپەهلی بەردێ بشاران!

nîŝî eľ bûn i berzî kêw enaran
heygatî kewgêkî di wernisaran

kemanê ha des i pîre ŝikarê
xwet eĺ lapehlîy i berdê biŝaran

ئڵ : بر ، حرف اضافه ،معادل "له" در کوردی سورانی

ئڵ بۆن : بر بلندای

کۆ= کوه
ئەناران : اناران ، ارتفاعات اناران در پهله زرین آباد
نیشی= مرخم یا کوتاه شده "دنیشی "، می نشینی
هێگات= انگار
لاپەلی= کنار، پشت
نساران : پشت به آفتاب ، سایه ساران
بشاران : فعل امر از مصدر ئەوشارەنن ، به معنی پنهان کن ، معادل "بشارەوە" در کوردی سورانی و کرمانجی



بۆکان. ئاسۆ

## تەختی سولەیمان

کوندەبوویێ پێیکوتم،گوێت لەم قسەم پەنهانی بێ
پەندی کوندیش گوێگرە    لازم نیە شاهانی بێ

تۆ بڵێی خەسرەو کەدەستووری دەدا لەم نێو قەڵا
گەر دەبێتە ئەم کەلاوە؟خۆی ئەمەی پێ زانی بێ

دیوتە ئەم کۆشک وقەڵا چۆن بوونە مەئوای مارومورر؟
تا سولەیمان بێ،قەڵای وا ساز نەکا ڕووخانی بێ

بەردی بنچینەی هەموو کۆشکی ستەم هەر تێکدەچێ
چەشنی فیردەوسی مەگەر کۆشکێ دروس کەی  مانی بێ

کۆشکی شیعری شاعیرە و نووسراوی سەر بەردی زەمان
ناوی هەرمانی هەیە،قەیناکە با کەم نانی بێ

چاوکە چۆن مەم زیندە گۆڕبوو،میری زێندین هەرنەما
پیاودەبێ گەر بیشمرێ مانی بەوێنەی خانی بێ

ناحەزی وجوانی لەسەر یەک ڕەفحە دانێی بۆبەشەر
جوانیی هەڵدەگرێ مەگەر هەر پەیرەوی نادانی بێ

ڕاستە شیرین باعیسە خەسرەو وەها کاخی هەبێ
کوا سولەیمان؟تەختەکەی قوربانی چاوی جوانی بێ

کامەقودرەت بوو بەرەو پاکیی نەڕویی پیس نەبوو؟
زاڵمیی شەیتانییە،با زاهیرەن ڕەحمانی بێ

کاکە ئاسۆ لەم سەراوو کۆشکە عیبرەت وەرگرە
شیعرەکانت بۆ کچ و کوڕ وەک زوڵاڵی کانی بێ



# شێعری ئە فسوون !

سەقز. ژان چاوەڕوان

هەر لە خەیاڵی سەردانتا
پەڕجوون
یا سێحر...!
کۆلکە زێڕینە دێنە دەر...
هەنگاو هەڵاڵەی وەرزی سۆز...!
هەناسەکانت نێرگزن ...
بە چەپکەوە
چەپکەنێکن*
چەشتە لە چێژ
چنووری ڕۆح...!
ڕووگەن بەهاری
دیدارت...!
تابلۆ تابلۆ فریشتەی شێعر
ڕۆمان دەڕوێن لە ڕێگە و پێت...!
وەنەوزە خەونی زڕاوم
دارماڵ لە تاڤگەی عەتری
جێت...!

لێڕەوار و ساباتی حەز...
شەیدا دەبن
باڵا دەکەن
بۆ شەماڵ بۆ ئاوازێ
لە ژووانی ڕێت...!
دە بوەرزێ
دە لادەوە
سروەی تەمەن
دەلالی دڵ
وەک گەردانە و
گەڕی گەردوون...
با مەسیحی لاویم ڕابێ و
مەقام بێن و
ژووان لە گیانا
شێعری ئەفسوون...



# ئامرازی (دە)

مەهاباد. عەلی نانەوازادە

من وەک نووسەر و وەرگێڕ و فەرهەنگنووسێک هێنانی ئەم ئامرازە کە زۆرتر لە موکریان باوی هەیە بۆ نێو زمانی فەرمیی و ئەدەبیی بە پێویست دەزانم.
هەڵەی زمانزانان و زمانەوانانی کوردستانی باشوور و تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، سەرنج نەدان و خۆ دزینەوە لەو ئامرازە و جێگر کردنی بە (لە) بووە.
ئامرازی (دە) حەرەکەت و بزاڤێک بەرەو ژوور نیشان دەدا کە هاوتایە دەگەڵ
ئینگلیزیی (in)، سویدیی (i)، ڕووسیی (v)، عەرەبیی (فی)، فارسیی (در، تو
بۆ وێنە: دەستم (دە) گیرفانم نا. کە جووڵەی دەست بەرەو ژوور نیشان دەدا

دژ و پێچەوانەی ئەو ئامرازە (لە)یە کە حەرەکەت و بزاڤ بۆ دەرەوە نیشان دەدا کە هاوتایە دەگەڵ:
ئینگلیزی (from)، سویدیی (från)، ڕووسیی (iz)، عەرەبیی(من)، فارسیی (از)
بۆ وێنە: دەستم (لە) گیرفانم دەرهێنا. کە جووڵەی دەست بەرەو دەرەوە نیشان دەدا.

هاتنی ئەو ئامرازە بۆ نێو زمانی ئەدەبیی و ڕەسمیی پێویستییەکی زمانییە، نەک مەیل و سەلیقە و بەستنەوەی بە بنزاراوەیەکی ناوچەیی. ناکرێ بۆ هەردووک حەرەکەت (لە) بە کار ببەین. (دەست لە گیرفانت بنێ) هەڵەیە، (ددان لە زار دایە) هەڵەیە. بیانووی ئەوە کە ئەم ئامرازە دە زاراوە و ڕاوێژەکانی دیکە دا نییە، قەبووڵ نییە. زمانی کوردیی فەرمیی و هاوبەش، ئەو ئامرازەی پێویستە و جێی شوکرە کە لە موکریان هەیە دەنا زمانی کوردیی لەم بارەوە کەموکوڕیی دەبوو. زمانەوانان دەبێ ئەو ئامرازە بناسن و بیناسێنن و ئیشی لە سەر بکەن. بڵا خەڵک دە قسە کردنیان دا چۆنیان پێ خۆشە وەها قسە بکەن، ئەوە گرینگ نییە. گرینگ ڕەسمییەت پێدان بەو ئامرازەیە، دە زمانی ڕەسمیی و ئەدەبیی دا.

بەڵام خودی ئامرازی (دە) هاوتای پێشگری (تێ)ی کار و چاوگە، وەک: تێکردن، تێکەوتن، تێنان، تێدان...
مامۆستا مەسعوود محەمەد دە کتێبی کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ لاپەڕەی ٣٢٧ دا، دەنووسێ: "(لە) وا دەبێ دەکرێ بە (لێ) واش دەبێ دەکرێتە (تێ) و دەبێتە پێشگری کار " یا دە کتێبی زمان و ڕێنوسی کوردی لاپەڕەی ٤٣٦ دا دەنووسێ: " وابزانم (تێ) دوو سەرچاوەی هەیە. یەکیان هەمان (لە)یە کە (لێ)ی لێ کەوتووە (تفەنگم لە نیشانە گرت – تفەنگم تێ گرت) ئەوی دیکەیان وشەی (توێ - تێو)ە کە لە بنەڕەتدا یەک شتن. " مامۆستا مەسعوود محەمەد چووکە ئاوڕێکی لە (دە) نەداوەتەوە.
دەنگی /ت/ لە باری فۆنۆتیکییەوە دەگەڵ دەنگی /د/ ئاڵوگۆڕیی هەیە؛ وەک: سەت و سەد، دایەن و تایەن، بژاردن و بژارتن. ئەو ئاڵوگۆڕیی و جێگۆرکەیەمان دەگەڵ زمانانی هیندوئەورووپایش هەیە وەک (دوو) دەگەڵ ( two) و کۆمەڵێک وشەی دیکەش. هەروەتر دەنگی /ئێ/ بە پێی قاعیدەیەک دەبێ بە /ئە/.

یانی وەختایەک چاوگ سەرف دەکرێ بۆ وێنە تێکردن. پێشگری (تێ) لە چاوگ و کار جیا دەبێتەوە و بە شێوەی ئامرازی (دە) دەچێتە پشت وشەی بەر لە کار. بۆ وێنە: ئاوم دە سەماوەر کرد (تێکردن). کابرایەک دە چاڵاو کەوت (تێکەوتن). تفەنگم دە نیشانە گرت (تێگرتن)، دەست دە گیرفانت بنێ (تێنان). ددان دە زار دایە(تێدابوون).

بەڵام ئامرازی (لە) هاوتای پێشگری (لێ)یە. دەنگی /ل/ وەک خۆی دەمێنێتەوە و /ئێ/ دەبێتە /ئە/. کە هەروەک بابەتی سەرەوە وەختایەک سەرف دەکردرێ (لێ) جیا دەبێتەوە و بە شێوەی (لە) لە پشت وشەی کار خۆ دەردەخا بۆ وێنە: من دەرگام لە عەلیکردەوە. (لێکردنەوە). هەستا مستێکی لە دیوار دا (لێدان).

با پێکەوە سەیری (لێک) و (تێک) بکەین و مەبەستەکە باشتر ڕوون بکەینەوە. بۆ وێنە لێک کردنەوە و تێک کردنەوە.

من ئەو دوو ئاڵقەیە لێک (لە یەک) دەکەمەوە

من ئەو دوو ئاڵقەیە تێک ( دە یەک) دەکەمەوە

دەو وێنەیە دا جیاوازیی (لە) و (دە) بە ڕوونی دیارە کە (لە) دەبێتە (لێ) و (دە) دەبێتە (تێ).

جا ئەگەر ئێستا سەیری ڕستەی (دەست لە گیرفانت بنێ) بکەینەوە، تێدەگەین کە (لە... بنێ) دەبێ لە چاوگی لێنان کەوتبێ نەک تێنان. هەروەتر ڕستەی (تفەنگم لە نیشانە گرت) دەبێ لە چاوگی تفەنگ لێگرتن کەوتبێ یا (ددان لە زار دایە)ش دەبێ لە چاوگی لێدابوون کەوتبێ کە وەها چاوگێکمان نیە و هەر بۆیە دانان و نووسینی (لە) لە جیات (دە) هەڵە دەر دەچێ.

ئامرازێکی دیکەشمان هەیە. (بە) کە هاوتای پێشگری (پێ)یە. وەک پێکردن، پێدان. کە ئەویش بە هەمان قانوون. دوو دەنگی /ب/ و /پ/ ئاڵوگۆڕیی و جێگۆڕکەیان دەگەڵ یەکتر هەیە و /ئێ/ دەبێ بە /ئە/ وەک: من درۆم بە عەلی گوت (پێگوتن)، ئەو پارەیە بدەبە عەلی (پێدان).

یانی سێ ئامرازی (دە) و (لە) و (بە) هاوتای سێ پێشگری (تێ) و (لێ) و (پێ) ن. کە هەرسێکیان سەربەخۆن و کار و ئەرکێکیان پێسپێردراوە و ناکرێ بە خۆ دزینەوە لە (دە) ئەرکەکەی بخەینە سەر ئەستۆی (لە). بەم پێیە من نووسینی (لە) لە جیات (دە) بە هەڵە دادەنێم و زمانی کوردیی ئەدەبیی و ڕەسمیی، ناچارە ئەم ئامرازە وە خۆی بگرێ و وا باشترە ئێمەش پێشوازیی لێبکەین و بیخەینە چوارچێوەی نووسینەکانمانەوە و ئەکادیمیاش وەک هەنگاوێکی نوێ ئەم ئامرازە بە ڕەسمییەت بناسێ و پەرەگری بکا.




نموونەیەک لە فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی لە نووسینی: عەلی نانەوازادە



## خاسەکەو



**بانە. باوکی نیشتمان( ئەندامی چالاکی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە)**

کاک موحەمەدی ئیبراهیم پوور ناسراو بە مامۆستا موحەممەدی کێلەشینی

هونەرمەندی ناسراوی سەقزو بانەو شانازی ئەم کوردستانە

بولبوولێکی نەغمەخوێن و خۆشخوانێکی نیشتمان بوو کە لە ڕێکەوتی ( ١٣٣٠/٨/٧ی هەتاوی) لە شارەدێی میرەدێی گەورکایەتی (نێوان بانەو سەقز) لە دایک بووەو دواتر لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونەتە گوندی کێلەشینو بە کەشو هەوای ناوازەو فێنکو سازگاری کوێستانی کێلەشین و کەلی خان گوڵی دڵی پشکووتووەچاووڕووی کراوەتەوەو شنەی شەماڵی هەردانو قاسپەی کەوانی تەلان و نەغمە و چریکەی مەلان و قەڵبەزەی بەفراوی شاخو دیمەنی چیمەنو باخو جاڕەگوڵزار و نزارو لێڕەوارو دارستانو سروشتی بەرزەدەماخی ئەو ناوچە خۆشەی کوردستان

مێرمنداڵە تامەزرۆکەی هێنایە سەر چرینی گۆرانی و بەستان و بە وێنەی هەزاردەستان

بوو بە شاچرای کۆڕی شەوچەرەی مەستان!ئاگری بەر دایە ناخی گیانو هەستان

بەڵێ ئەو بەهرەی خودایی پێدراوەو بژیو بمێنیو هەرمانی ئەو هەمووە ژنو پیاوەو بە تایبەت بە دڵ هان دانی ئەفسانەی مۆسیقای کوردی مامۆستاحەسەن زیرەک گیان،کە جارێکیان هەر بەهەڵکەوت،لە گوندی هەمزەقەرەنیان گوێی لە دەنگی پڕ لە سۆزو گڕوتینی مێرمنداڵیی کاک حەمەی کێلەشین دەبێو زۆری لە لا دڵگیر دەبێو دڵسۆزانەیش ئەیدوێنێو سوێندی دەدات دەس لە گۆرانی هەڵنەگرێ وبەردەوام بێو هەر بۆ دڵی خۆیو خەڵکەکەی بخوێنێ ونیشتمانەکەی بدوێنێ...

دواتر عەشقێکی ناکامی ئەفلاتوونی کە وێردی زمانی خەڵکی ئەو ناوچەیەو باسەکەی بۆ ئێرە نابێ!و سۆزی بۆ نیشتمان دۆستان و...کردیان بە مەلەوانی ناو ئۆقیانووسی مۆسیقای بەستەو مەقاموئیتر کۆڕی شەونشینیو شاییو خۆشی شەوانی پاییزو زستان لەوناوچەی کێلەشینەدا، بە دەنگە بلاوێنەکەی گۆرانی مەجلیسی مامۆستا بوو دەڕازاوە و تەلی ئەوین دەلەراوە و بەستەو گۆرانی دووقۆڵی و چەنقۆڵی و گەڕەلاوژە، لەتەک کۆڕی هونەرمەندان کاک عەلی فەقێ شەریف و کەریم خاکیو عەلی فەیزەو مامۆستا قادری ڕەسووڵی و کامیلی خورشیدیو کێو کێ...ئەبوونە مەلی کۆچەریو لە گەرمێنو لە کوێستاندا ئەچوونە میوانیی دڵی ماڵ بەماڵی گوندو شاری ئەم نیشتیمانە ناوازەجوانو شازە پڕ لە ڕازە،تەنیاو بێکەسو بێنازە!

تا وای لێهات بەپشتگیری شێلگیرانەی مۆسیقاژەنی دڵسۆزو بلیمەتی شاری سەقز مامۆستا عەلی عابدیو بەهاوکاری تیپی مۆسیقای نەکەرۆز(کاک کەماڵی کەریمی ،ئازاد قەرەداخیو سەید قادری بەرزنجی و..)و دواتریش بەڕێز مامۆستا عوسمانەسوور، سێ کاسێتیان پڕکردەوەو بە بڵاوبوونەوەی لەو کاتو ساتە هەستیارو ئەنگوست لە چاوەدا،بوونە شاچرای گەشاوەی عەشقو سۆزداری و ئەوینی خەڵکو خاکی نیشتمانو بە خۆشەویستی گشتمان!

کاکە حەمەی کێلەشینی،وەکوو زیرەکی مامۆستای هەرچەن چرایەکی گەش بوو،بەڵام زۆر زۆر بەداخەوە لەخوێندەواری بێبەش بوو! ... بڵێی ئەو گۆرانیبێژە خوێندەواری باو لەگەڵی شێعری شاعیرانی هەر وەک هەژارو هێمنو قانعو سەدان هۆزانڤانی وێژەو لێزانو شارەزای ئەدەب ناسیاوی با،جیا لە بەستەو بەندو بەیتی ڕەسەنو فۆلکلۆری وەک سەوزە،لاوە،قەدباریک،ئایشەگوڵ،نەشمیل،ئەرێ غەم،بەچەندیو خاسەکەو ... کە شارەزای هەموویان بوو،چیها شاکاری نایابو ناوازەی تری دەخولقاندو ناخی دڵانی دەهەژاند!

لە تایبەتمەندی مامۆستا بوونی گرێیەک لە قورگو کاریگەری لەدەنگیا بوو کە شێوەیمان هەر لەلای زیرەک بینیوەو دەنگی هێندە لەبەردڵانو خۆش دەکرد ،بەعەینی دەتگوت کە هەستو سۆزی ئەم نەغمەو گۆرانیو چریکەو دەنگو ئاوازە جوانو شازە،بەهەشتییەو خەڵاتی پەروەردگارە،بەخشیویەتی بەم هونەرمەندە دەنگخۆشەی شاگوڵیباخی ژیانە!مامۆستا ڕواڵەتێکی پیاوانەو جوامێرانەو کوردانە بە تاجی ئاغابانووی لەسەرسەرو سمێڵی ڕەشی قەترانی!کە وێنەکەی لە کێلی قەبرەکەی هەڵکەندراوەو بە شێعرێکی داندراوی خۆیشی بەچەشنێکی ناوازە ڕازاوەتەوەو لەوێکانەشدا شوێنی پێی هونەرو داهێنان دیارە!لەو هونەرمەندە نازدارە

لەچەم وەنەوشە لەشاخان شەوبۆ          تۆ لە پیر بەیاخ من لە گردەکۆ
تۆ دێی بۆ لای من،یامن بۆ لای تۆ          گوڵ گوڵ بەفراوە دەس بەبەدەسمۆ
تاهێزم ماوە،تا بەندی لەشم هەڵنەخووشاوە          دونیا لەمێژە بۆ کەس نەماوە!

کاکە حەمەی کێلەشینی سەردەمانێک بانگەری مزگەوتی گوندو لە شەوانی ڕەمازاندا سەلابێژ بوو،مۆسیقاو گۆرانیش لەلای مامۆستا تەنیا دەربڕی هەستو سۆزی دڵێکی گرگرتووو پڕ لە ئەوینو خۆشەویستی بووو هەرگیزاو هەرگیز بۆ جارێکیش نەیکردە بژێوی ژیان،سەرانسەری تەمەنیشی لە گەڵ بەردەوام بوون بەکاری هونەریو هەمیشەو دایم فێربوونی ئاوازو مێلۆدی تازە،هەرچەن زۆر هەلی بۆ هەڵکەوت بۆ پەرەدان بەهونەری ڕێی هەندەران بگرێتە بەر یان نیشتەجێی ناو شاران بێ ،بەڵام ئەو حافزی شیرازی ئاسایی نەیتوانی دڵ لە

بەهەشتی کێلەشینی هەڵبکەنێو چاک یان خراپ! کورد حەسەن زیرەکێ تری لە کیس خۆی داو تەنیا چەن بەرهەمێکی داهێنەرانەمان لەو بەهرە خوداپێداوە پێگەیشت.

مامۆستا بۆ بژیوی ژینی ڕووی لە کاری کشتو کاڵو هەنگەوانیو بە پێی بارودۆخی ناوچەش کاروانیو قاچاخچەتی کرد،زۆر جاران تەنانەت لە چلەی جستانان وەک مامەڕەحەی کەلی خان ڕچەی ڕنووەبەفری ئەشکان،ئارەقی ماندوویی ئەتکان،بەجیا لەهەموو ئەمانەش هەرگیزاوهەرگیز لای نەدا لە خۆشەویستی نیشتمانو ڕاستەڕێگەیژیانو لەڕێبازی چاکیو پاکیو لە کارو ئاکاری ڕووناکیو بێگەردیو لەهەڵوێستی ڕەندیومەردی!تەنانەت لەسەر هەڵوێستو بیرو باوەڕی سەرجەم نزیکەی سێسالی ژیانیشی گیرۆدەی کۆتو بەندان بوبەدوور لە بنەماڵەکەی لە زیندان بوو...

زۆر بەداخەوە مامۆستای گەورەو ئازیزو خۆشەویستی کۆمەڵانی چی خەڵکانی شارو لادێ لە بەرواری (١٣٩٧/٣/١٢) ماڵئاوایی دوایی کردو هەر لەمەڵبەندی زێدی عەشقو ئەوینیئەسپەردەی خاکی پیرۆزی وڵات کراو بە جێیهێشتین، ئازاری دووری پێچێشتین!

لە پرسەکەیدا کە دووڕۆژ بە بەشداریو بە هاوخەمی خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەر بەڕێوە چوو،دیاردەیەکی زۆر ناشیرین تەواو سەرنجی ڕاکێشام،کە ئێجگار زۆر لەسەردڵم سەختو بە تەرازووی عەقڵ و یژدانم گران هات، ئەویش ئەمەی کە چەن کەسێک بەناو خوتبەبێژو بێژەر لەو کۆڕە چوونە پشت میکڕۆفۆن و گەلێ قسەیان کرد،کە سەرنجیشمدا هەمووی باسی مردنو قیامەت و قەبرو ئازاری ئەو دونیاو... کۆمەڵێ شتی تێکراریو بە بۆنی دەمو قسەکانیاندا بانگەشەیش بۆ لایەنێکی ئایینزا کە سەر بە ئەوان بوونو ئیتر باسێکم نەبیست دەربارەی ئەوەی کە هونەرمەندێکی گەورەی کورد کۆچیکردووەو زێڕێکمان لە کیس خۆ داوە و هەتاوێکمان لێ کوژاوەو...

هەر بۆیە بۆ دواساتەکانی پرسەو سەرەخۆشیەکە منی نووسەری ئەم دەقە وەک پێزانینو هاوسۆزیو دەربڕینی کولێدڵو خەمی قووڵم پەخشانێکی بەپەلەم نووسی،کە هەرچەن لاوازوکرچو کاڵ نووسرابووو لە ئاستی گەورەیی مامۆستادا نەبوو،بەڵام وەک هەستم کردو دیار بوو خەڵکەکەو بەتایبەت بنەماڵەی خوالێخۆشبوو پێیان خۆش بووو ئاگایشم لێ بوو کوردستان لە گەڵ دێڕبەدێڕی گریا!

هیوادارم مامۆستایانی پێشنوێژو خوتبەبێژان ئاوڕ لەم تێبینیو سەرنجە بدەنەوەو لەکۆچی کەسایەتیەکانو بەتایبەت هونەرمەندانداا

باسێک لە چالاکیەکانیشیان بکەن،لەخەباتو خۆشەویستی بۆ خەڵکو خاکیان تێبگەن!

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

**خاسەکەو**

ئەم پەخشانە شێعرەی کەوا هەڵقوڵاوە لەقووڵایی ڕۆح و گیانم
پێشکەشەبەڕۆحی بەرزی کاکە حەمەی کێلەشینی، هونەرمەندی نیشتمانم
لەگەڵ ڕێز وخۆشەویستیشم بۆ چالاکوانان کەوا چی کات و سات
ئەڕۆن بەرەو پیری بابەتە هەستیارەکانەوەوئاوڕ ئەدەنەوە لەخۆشیوناخۆشییەکانو
هەوڵیش ئەدەن کە لابەرن ئازارو پەرۆشییەکانوئاشکرای کەنو دەری خەن،نهێنیو پەردەپۆشییەکان!
جۆزەردانەو خەمێکی بەرزە باڵامانبەمیوانە،جۆزەردانەو خەفەتبارەو خەمینە ئەم نیشتمانە
بەچوونی هونەرمەندێکی خۆشەویستی گشتمانەو وەک بڕبڕەی پشتمانە
لێم مەپرسن مەپرسن نا ! چۆنبەکۆچ و ماڵئاوایی مامۆستایەکی شارەزای
بەستەو گۆرانیو مۆسیقا،لەناخی دڵما ئەخنکێ بزەو پێکەنینو قاقا!
تۆ بڕوانن بۆ ئەونەمامی باخانەو ئەو شاخانی کەلیخانە
بۆکۆچی دوایی ئازیزگیان،خەریکنبەشینو گریان،کاکە حەمەی کێلەشینی هەگبەی گۆرانیو بەندانو
بەهەستو سۆزو لێزانو بەستەبێژی کوردستانو شارەزای سۆزی بەستانو ئەوینداری نیشتمانو خۆشەویستی گشتمان بوو...
بەداخەوەیش هەتا ئێستا پلەو پایەی ئەو مامۆستا و هونەرمەندە میللیانە،ئەو جۆرەی شایستەیانە
نەزانراوەو نەبینراوەو ڕێزیشیان لێ نەگیراوە!
گۆرانی بۆی گێڕامەوە باسی هەڵوێستی ئاگرینو هەڵسو کەوتی نەرمو نیانی،ئەو مرۆڤە نازدارە
هەستو سۆزو خۆشەویستی ئەو چریکە بەهرەدارە،شیرین کارە،خۆش گوتارە
زمانی کوردی پێم دەڵێ:ئەو دڵسۆزی وشەو ڕستەو دێڕو سەربەندی ڕەسەن بوو
داهێنەرو خولقێنەری دەیان ئاهەنگو مێلۆدیوبەستەو ئاوازی ڕەبەن بوو
سروشتو ئاوو ئاسمانو خەڵکو خاکی نیشتیمانی،لا پیرۆزوبۆی دڵسۆزو ئاواتەخوازی سەربەرزی گەلو هۆز بوو
خاسەکەوێکی کوێستان بوو لەسەر شوورەی بەرزی قەڵا،ئەیقاسپاند بۆ شاربەدەری نەهامەتیو دەردو بەڵا!
ئازیزینە! وەک ئەیزانین ئەم دەنگو ئاوازە ڕەسەنو شیرینە،وەک لەسەرچاوەی زوڵاڵی کوێستانی کێلەشینەوە،هەڵقوڵابوو
بەشوێنی پێ پیرۆزەکانی مامە ڕەحەی کەلی خانیشا چووبوو ولەجاڕەگوڵی ئەمەگداری و ئەویندا، دەیان شاگوڵی چنیبوو و
ببوە باخەوانی باخی ئاواز و گۆرانی کوردی،بە تێکۆشین لەژینیدا ببوە هێمای دەستو بردی...
هۆ شۆڕەسواری بەستەو ئاوازی شیرین،شاهەنگی شانەی کێلەشین،بولبولی سەرمەستی ئەوین
ئێمەو ئاواز و گۆرانی ونیشتیمانتبەجێ هێشتوچووی بۆ ناو بەهەشتی بەرین،بۆ جێژوانی کاکە مەمو خاتووزین!...
سا ماڵئاوا، ئەی مامۆستا موحەممەدی کێلەشینی
ئەی ئەو شاگوڵەی وا لەناو جارەگوڵزاری گۆرانیوئاوازی ڕەسەنو سۆزی بەستەی فۆلکلۆری کوردا،تەمەنێک ژیایتو ژاکایت
ئیتر تاهەتاو هەمیشە،لەناو دڵی هۆگرانی ئەمەگداری دڵخەمناکایت؟!لە جێی ژوانی ناو خاکایت؟!
گوڵ ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی مۆسیقای کوردبوویت
دەنگو ئاوازت هەرمانەو هەرزیندوویتو قەت نەمردوویت!...

*خاسەکەو:ناوی یەکێک لە گۆرانیە بە ناوبانگەکانی مامۆستایە

# چەند کاریکاتۆر لە مامۆستای هونەرمەندی کورد سەید محەمەد ئەمین قوڕەیشی . بۆکان

















بانە. ک.د.ئازاد

## شەختە لێیداوە شێعر

شەختە لێیداوە شێعر ، بێ نەشەیە لێوی گەلیش
تا بەهار دێ دڵی من کەیلە لە بێستان و مەلیش

نیە بولبول بە چریکەی گەشە کا باخ و وڵات
داخەکەم مەسکەنی قاڵاو و دەڵە و لانی قەلیش

دەشت و مەزرا پڕی کەمتیار و بەراز و گورگە!
هیچ هومێدێک نیە تازە! ببێ خەرمان و خەلیش

گەلێ پەڕ پەڕ بوو هەڵاڵە و گوڵی ئەم دەشت و کەژە
لەو بەهارەی دا خەزان کاتی نەبوو بۆ ئەجەلیش

هێندە بیستم لە شێعر بۆنی ڕیا و ماتەم و خەم!
ڕقم هەستا لە قەڵەم، هەم لە قەسیدە و غەزەلیش

قەڵەمێ بەرزە سەری، خاوەنی پاک بێت و بوێر
خۆ دەنا ئەو قەڵەمە دەچتە دەسی زۆر دەغەڵیش

هێندە گەستم لە ڕقان لێو و زمانم کە خوێن
هەم ڕدێن و چەنەگەی گرتووە هەم چنگ و پەلیش

ئێستە مەیدانی سیاسەت بیر و زەینی گەرەکە
ڕەنگە پێی وابێ کەحێلە، گوێدرێژێکی شەلیش

زاڵمی خاک و وەتەن وەک بوتەلای خەڵک و تەرەس
جێی خودای گرتووە ناکەس، بۆتە هانا و هوبەلیش

ڕوونە ئایەندە، سبەی شادییە، سەربەستییە! گەر
ڕاپەڕێ ئەم گەلە بگرێتەوە کوێستان و کەلیش

ئەو خەمە من دەکوژێ خێڵی قەڵەم  زۆرە بەڵام
کەمە زەوقی ئەدەبی و بیری وڵات و ئەمەلیش

ئاخ لە بۆ چەک بگوڕێنێ لە دەرە و دۆڵ و چیا!
چەک و پێنووسی دەوێ ئەم گەلە ڕامالێ هەلیش!

ڕێزی سەربەستی دەزانێ گەلەکەم، داخ و بەڵام
هەر سیا بەختە دەڵێی کوردە لە ڕۆژی ئەزەلیش

زۆر بە ناحەق پەتی سێدارە لە سەرمان دەگوڕێ
لە وڵاتێ کە بە ناو حاکمە ئەڵڵا و عەلیش

نەفرەتم زۆرە لە دوژمن گەلێ تووڕەم لە کەسان!
قەت وەخۆی ناگرێ شێعر و بەری تەسکە غەزەلیش!

وەکوو "ئازاد"، دڵی ئەم خەڵکە هەموو خوێنە بەڵام
سەری پڕشۆڕی دەوێ بدوێ لە خاک و ئەمەلیش

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## شێعر ، کە چی؟

سەقز. ئازاد سەیدئیبراهیمی(هۆگر سەقزی)

شێعر شێعر بڵێم و هەر لە ئاوەزا کزم، کە چی؟
بدەم کە پۆزی گەورەیی بە کردەوەی نزم، کە چی؟

منێ کە چۆڵی بیر و فام و ئەقڵم، ئێستە قاو ئەکەم
گەلینە خاوەنی خەیام و شێعری حافزم! کە چی؟

غەزەڵ، قەسیدە، چامە، پەند و ڕێنوێنی بۆ خەڵک
کە خۆ پڕی درۆ، ڕیام و دەسبڕ و دزم، کە چی؟

کە لام هەقی مرۆیە چەشنی پەشم و توور و پووش ئەڵێم
ئەمن لە سینەما هەقە و کەلامی سی جزم، کە چی؟

پڵنگ و شێری ماڵەوەم گ ئەم وڵاتە قووت ئەدەم
لە بۆ دژم ڕەوی، دەڵەک، سمۆرە، مامزم کەچی

ئەڵێم منم لە بیری نیشتمان و زێد و گەل بەڵام
تەنا لە بیری خۆم و خێڵ و تایەفە و خزم، کە چی؟

دەمار و فیز و لاژەلاژی من گەیی بە ئاسمان
ئەبێ بەهەق لە ئەم ڕەوشت و کەسمە داڕزم کەچی

سنە. نەسرین کەریمی

# "ئایینی یارسان و ئامێری تەمبوورە"

**یارسان بە ئەهلی حەق یان کاکەیی** دەوترێت گرووپێکی تایبەتن کە هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی جیاوازن، لە گەلێک شوێنی کوردستاندا بڵاون بە تایبەت لە کرماشان و گەرمیان .کاکەیی دانیشتووی کەرکووک و لیواری زێی نێوان هەولێر,مووسڵ وشەبەک ئەمانە هەموو بە بنەچەکی هۆز و زمان و بیروباوەڕی ئایینی دەگەنەوە یەکتر . شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی ئەهلی حەق (یارسان) لە کوردستاندا، لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە هەندێک گۆڕانکاری بە خۆوە دیوە. بەڵام ئەوەی کە هەمووان لە سەری پیداگری دەکەن ئەوەیە کە لە سەرەتادا ئایینی یارسان لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و لوڕستان بڵاوبووتەوە و گەشەی کردووە، جا دواتر گەیشتووتە ناوچەکانی تری کوردستان و ئێران.بە بۆچوونی هەندێک لە مێژووناسان، ناوی یارسان کورتکراوەی «یارسولتان» ە و مەبەست لێی سوڵتان سەهاکە بە فارسی سلطان اسحاق، هەرچەند بوونی ئایینی یارسان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میتراییەکان ( ٤٠٠٠- ٥٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر) بەڵام سوڵتان سەهاک بە داڕێژەرەوەی ئاینەکە دادەنرێت کە ڕێبەرێکی دیاری ئەم بیروباوەڕەیە لە کوردستاندا. یاخود یارستان بە واتای شوێنی یار یا موریدانی ئەهلی حەق .کۆنترین ناودارانی یارسان بابا تاهیری هەمەدانی٩٣٧ – ١٠١٠ز، لای یارسانەکان پیرۆزە و هەندێک لە نوسراوەکانی لە سەرەنجام بەدی دەکرێت کە نووسراوی هەرە پیرۆزی یارسانە.

ئاینی یارسان بە چەند گەڕێکی (دەوران) دا ڕویشتووە، پەیڕەوانی ئاینەکە ماوەی هەرگەڕێک بە ٣٠٠ ساڵ دەخمڵێنن بەپێی سەرئەنجام. هەتا وەکوو سەردەمی سوڵتان سەهاک ئایینی یارسان هەشت گەڕی بەخۆوە بینێوە،کەواتا تەمەنی ئەم ئایینە بە لای کەمەوە بۆ٢٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

**"زمان و شیعر"**

زمانی بیروباوەری یارسانی شێوەزاری گۆرانە کە زمانی دانیشتووانی چەندین دەڤەرە لە کرماشان، ئەردەڵان، باکووری لوڕستان و هەمەدان،بۆ ماوەیەکی درێژ زمانی ڕەسمی حوکمڕانانی کوردستان و زمانی شیعر و شاعیران بووە. گێڕانەوەی بەیت و ستایشی یارسان بە ئاوازەوە وشەی گۆرانیی بە واتای ستران لە زمانی کوردیدا پەیداکردوە ،نموونەی بەیتی یارسان (شیعری شاخوشین لوڕستانی)

یارسان وە ڕا ڕای حەق ڕاسییەن بڕانان وەڕا
پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا قەدەم وە قەدەم تا وە مەنزڵگا

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

**"بنەچەک و پێوەند"**

سەرەتای دەستپێکی ئەم بزاڤە ئایینییە لە ناوچەی «لوڕستانەوە» بووە و دواتر بەرەو باکووری دەڤەری «گۆران» نشین پەرەی ستاندووە. هەر لەبەرئەوە ناوچەکانی لوڕستان و باشووری کوردستان، لە کۆنترین بیرەوەرییەکانی «گۆران» ـەکاندا شوێنێکی بەرچاوی هەیە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شوێنە پیرۆزە دێرینەکانی ئەو ناوچانە، وەکوو «ئاتەشکەدەی تاقگرا» نزیک بە شاری "زەهاو" یان «دووکانی داوود» کە پەیکەرێکی دێرینەیە و دەرکەوتووە و پەیوەندی بە "ئاگر پەرستن" ەوە هەیە، بە پیرۆز بزانن و ناوی «دووکانی داوود» ی لە سەر دانێن و وەک میراتی پیرۆزی خۆیان ڕێزی لێبگرن.

وا دەزانرێت کە بیروباوەڕی یارسانی یەکێک بێت لە شیعەی توندڕەو کە بە عەرەبی بە (غولات) ناو دەبرێن واتە توندڕەو، کە لە سەدەی نۆیەمدا سەری هەڵداوەو زیاتر بە «قزڵباش» بانگ دەکران.

وشەی لێکدراوی «ئەهلی حەق» لە فەرهەنگی «صۆفیە» دا بە کەسانێک دەگوترێت کە پلە سەرەتاییەکانی تێگەیشتن "شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت"یان تێپەڕکردووە و گەیشتوونەتە ئەوپەڕی تێگەیشتوویی، واتە «حەقیقەت». هەروەها ئەم وشەیە بە مانای کەسایەتی تێگەیشتوو لە «رازی ئایین» دەگوترێت کە لەلایەن «سوڵتان سەهاک» ەوە گەشەی کردووە. سوڵتان سەهاک گۆرانکاری خستۆتە ناو ئەم ئایینە کوردییە کۆنە، بۆ پارێزگاری لە ئایینەکە و هەواڵانی ڕواڵەتی ئاینەکەی بە عەلی کوری تالیب داپۆشیوە بۆ ئەوەی بتوانێت یار و یاوەرانی بپارێزێت. ئەم ئایینە باوەڕی بە دۆنادۆن (دوبارە ژیانەوە بەڵام لە کەسێکی دیکە) هەیە، عەلی کوری تالیب یەکێک بووە لەو کەسانە کە ژیانی کەسایەتییەکی پیرۆزی یارسان بووە، هەر لەبەر ئەوە بە چاوی ڕێزەوە لە لایەن کاکەییەکانەوە تەماشای دەکرێت بەڵام کەسایەتی دیکە هەن، وەکوو عیسای مەسیح، بوودا ...هتد... هەمان پیرۆزیان هەیە .

یارسان (کاکەیی) باوەڕیان بە خودایەکی گەورە و بنچینەیی هەیە لەگەڵ شەش هاوشێوەی خودا (واتە ڕۆحی خودا لەو شەش کەسەشدا هەیە) هەندێک لەو کەسانەش بە پێی بیر و باوەڕی یارسانییەکان بریتین لە: مەسیح، عەلی کوڕی ئەبوتالیب و سوڵتان سەهاک کە ئەوان پێشیان وایە سوڵتان ئیسحاق لە دایکبونەکەشی لە کەسێکی وەک مریەم بووە. شوێنەکەوتوانی یارسان باوەڕیان بە کۆپیکردنەوەی ڕۆح هەیە و پێیان وایە خودا گەورە سەرەکییەکە ئیش و کاری مرۆڤ ڕاستەوخۆ بەڕێوە نابات و بەڵکو لە ڕێگەی شەش لاشەکەوە کارەکان بەڕێوە ئەبات کە ڕۆحی خۆی تێکردوون.

کتێبە پیرۆزەکەی یارسان ناوی **سەرەنجامە** .

**"ڕێگەی پیرەکان"**

ئایینی یارسان لە کۆنترین چینی ئایینە یەزدانییەکانە .هەر یەک لە ئایینی زەردەشتی، یارسانی و عەلەوییەکانی باکو وریش، هەمان چینی پیرەکانیان هەیە؛ و ئەم ئایینانە لە چەندین ئەرک و

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

شێوازدا لە یەک دەچن. بە گرۆپی ئایینییەکانی ئێزدانی ناسراون. بڕێک لەم لەیەک چوونانە بریتین لە :

١ـ هەبوونی پیر.

٢ـ ڕێزگرتن و پیرۆز زانینی سەرچاوە سروشتییەکان وەک ئاو، هەوا و ئاگر.

٣ـ بەکارهێنانی موسیقا، وەک دەف و تەموورە، بۆ ڕێوڕەسمی ئایینی.

٤ـ هێشتنەوەی سمێڵ لەناو یارسانی و ئێزدیدا.

٥ـ هەر چوار ئایینەکە چوارشەم بە پیرۆزترین ڕۆژ دەبینن.

٦ـ لەبەرکردن جلی و بەرگی ڕەنگ سپی بۆ پیاوانی ئاینی.



**تەموورە:** هەروەها تەنبوور یان تەموور یان تەمبوور یان تەمیرناوی ئامێرێکی مۆسیقایە. ئەم سازە لە کاسەیەکی گەورەی باڵ درێژ پێکهاتووە کە چوار تاڵ ژێی بە سەردا تێدەپەڕێ و بە قامک دەژەنرێت. تەموور سازێکی تایبەتی ئایینی یارسانە کە زۆرتر لە ناوچەکانی کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باوە، شوێنکەوتووانی ئایینی یارسان وەک سازێکی پیرۆز لە بۆنە ئایینییەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرن.

لە زمانی کوردی و لە ناو کوردان دا تەموورە بە چەن ئامێری جیاواز دەبێژرێت .لە باکووری کوردستان بە دیوان دەڵێن تەموورە.لە باشووری کوردستان لە ناو یارساندا ئامێرێک هەیە بە ناوی تەموورە.لە ناو کوردەکانی خوراساندا بە دوو تار دەڵێن تەموورە.

**مێژووی تەموورە:**

بە سەرنجدان لەسەر ئەو پەیکەرە ژەنیارانەی لە ئیلام دۆزراوەتەوە تێدەگەین کە مێژووی بوونی ئەم ئامێرە دەگاتە زۆرتر لە ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا. هەڵبەت ئەو سازە هەر دیار نیە چ سازێکە. بەڵام لە تەموورە دەچێ بە شێوەیەکی گشتی، لە بەڵگە مێژووییەکان دا لە ٧ جۆر تەموورە ناو براوە : تەموورەی خوراسانی ،تەموورەی بەغدادی یان مەزانی ،تەموورەی تورکی ،تەموورەی دوو تەلی ،

لە ئامێرگەلی سەرەتاییە و لە باکووری ئافریقا دەژەنرێت.نای تەموورە، کە بە کەمان دەژەنرێت.تەموورەی مەراکەشی، کە ۷ تەلی هەیە.
فارابی لە کتێبی "الموسیقی الکبیر" لە تەموورەی بەغدادی و تەموورەی خوراسانی ناو دەبات .
لە کتێبی تەمبوور لە موزیکی کوردیدا نووسینی ڕێژن حەسەن هاتوووە "مێژووی تەمبوورە کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی شەش هەزارساڵ پێش ئێستا، لە چەندین ناوچەی جیاوازی کوردستان و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا کە سەرزەمینی ئا ین و مەزهەبە جیاوازەکان بووە..لە باسکردنی ڕۆڵی ئەم ئامێرە ،لە ناو ئایین و ئایینزاکاندا ،جۆرێ لە پیرۆزیی هەبووە. بە جۆرێ لە کاتی ژەنینی ئەم ئامێرەدا ،دەبێ ژەنیار دەستنوێژ بگرێت و کە تەواو بوو ،سوپاسی خوا بکات بۆ ژەنینی ئەم ئامێرە پیرۆزە.

پێروانی ئەهلی لەکاتی کۆبوونەوەکانیاندا لە جامخانە کە مەڵبەندو بارگای ئایینیانە ،شیعر و سروودی یارسان سەرئەنجام بە ئاوازی تەموورە دەخوێنەوە وە تەموورەش لایان ئامێرێکی موبارەکە .بۆیە لەسەرەتای دەسپێکردنی هەر سرووود خوێندنێکدا هەڵدەستنە سەرپێ و ئەوسا تەموورەکە ماچ دەکەن و لەدوایشدا دووبارە ماچی دەکەنەوە وە دیسانەوە هەڵدەستنە سەرپێ و تەموورەکە لەجێی خۆی دادەنێنەوە.
واژەناوەی تەموورەیش کەوەک ئێستا دەیبینن لەسەرەتادا لەدوو وشەوی تارو موور پێکهاتوووە.کە یەکەمیان (تار) بەمانای ئامێرە ژێدارەکەیە وە دووهەمیشیان (موور) لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلامدا بە مانای (کۆتەڵ، چەمەری، وشیوەن) دێت.مەبەست لە ڕاز و گریە و سۆزو لاوانەوە و پاڕانەوەیە کە لە ناخی پاکی دڵداریارم وەوە بۆ دڵدار(سان، خوا) بە ئاوازەوە هەڵدەڕێژێ، هەرلە بەر ئەمەش بەم کاری سروود خوێندنە لە جەمخانەکان دەڵێن (ڕاز ونیاز)
بە دڵنیایەوە ئەم ئامێرە مێژووی کۆنی تایبەتی بووە بە کورد و ناوچەکانی کوردنشین .

***سەرچاوەکان:**

۱- ئازادی، عەلی موحەممد، ئاشنابوون لەگەڵ بیرەباوەرەکان و دابونەریتی ئەهلی حەق لە پارێزگەی کرماشان
۲- ڕێژن حەسەن، تەمبوور لە موزیکی کوردیدا

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بانە. باوکی نیشتمان

# کۆڵکەزێڕینەی وڵات




مەمێک هەیە لە نیشتمان شێت و شەیدای خاتوو زینە!
فەرهادێکی عاشق هەیە، تەنیا ئاوات و ئارەزووی بینینی سیمای شیرینە!
ئەم کاکە مەم و فەرهادە حەزەکانیان تێکەڵاوی، نەغمەی خۆشی خالەقییە
چقڵی نێوان ئەم دڵانە دەروونڕەشی و ناحەقییە،
ئاکامی ئەم ئەویناەنەش لەیەک دووری و بێبەشییە
بۆیە ئەم دەنگ و ئاوازە پڕ هەستو سۆزو جوانییە، لەدنیادا وێنەی نییە!
بولبولێکی شەیدا هەیە باغچەی دەنگی،
پڕیەتی لەگوڵانی ڕازاوە و بۆنخۆش
هەست و سۆزی گوێبیستی خۆی، دێنێتە سەر جۆش و خرۆش
کاتێ شەماڵ نەغمەی دێنێ وەکوو چریکەی خالقی،
ئەمانکا بە مەست و بێهۆش!
وەک گروگاڵی منداڵی ساوا کاتێ کە ئەکرێ گۆش
چریکەیەکی خۆش هەیە مێلۆدی ناو ئاوازەکەی، لەبەهەشتەوە هاتووە
وەکوو زێدی نیشتمانم هەربەهیوای داهاتووە!
ئەویندای ئەم خاکەیە و دڵی پڕ لەخۆزگە و ئاوات،
ئاهەنگی پیرۆزی بووە بە کۆلکەزێڕینەی وڵات!
لەچوار لاوە خۆشەویستە؛
لەباکوور و لە باشوور و لە ڕۆژ ئاوا و لە ڕۆژهەلات!



بانه. کوچەر( ئەندامی چالاکی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە)

## شاعیری شێت و ئەسپی شێت

کاتێ خولیایی شێعرم و
قەڵەم ئەحیلێنێ و خۆی ڕاناگرێ
سواری ئەسپی شێتی
ناوچاوان سووری قەڵەم ئەبم و ئەڕۆم
ئەوەی شاخ و داخ وڕەوەزی شێعرە ئەڕۆم
ئەوەی مانگ وئەستێرە وئاسمانی شاعیرانە ئەڕۆم
ئەوەی ژوانگە و ماچ وخۆشەویستی عاشقانە ئەڕۆم
ئەوەتەی شێت بوە شێت ئەبم
ئەوەتەی زانابوە فێرئەبم
ئەوەتەی نەزان و گێل و سڕبوە ـ سڕ ئەبم
ئەوەتەی حیلەی ئەسپی شێت بوە ئەحیلێنم
تاکوو قەڵەم ماندو ئەبێ و پەنجەم سڕ
دائەبەزم و سەر لە سەر شێعرێکی ناتەواو
خەوم لێ ئەکەوێ
هەر بەدەم خەوو وڕینگەوە گوێم لە
دەنگی وشە و پیتە
ئەڵێن تاماوی ئەم ڕێگەیە ڕێتە
بەسەری شێخ ئەم شاعیرە شێتە

## تاقەدار

تۆ بیرلەتەنیایی و
ژیانی تاقەداری
سەرگەوە دەکەی
من بیرلە ڕابردوێکی دوور
کە ڕۆیشتووە
لە دارستانێ کە تاقە داری
بەجێ هێشتوە

## خەیاڵ

خەیاڵ درۆ نییە
بەوە ئەزانم
دوێنێ شەو
تۆی هێنایە ناو جێگەکەم
بەیانی هەستام
هەستم کرد
بۆنی تۆ ئەدەم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# هەڵەبجە

بانە. شەیدا ئەحمەدی (خان) { ئەندامی چالاکی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە}

دەمەو کازیوە بوو
دەستێکم لەژێر سەر
ئەویتریش کۆرپە بە دەست
قاچێکم هەنگاوەکانی جێ هێشتبوو
ئەویترێش ڕێگەی ژیانی ون کردبوو
لەو بەیانە دابوو
قاڵاوەکان ئاوس بوون بە خەردەلەوە
لە هەر چرکەیەک دا
چنگیان لە دڵی شارەزوور گیرئەدا و
هەڵیان دەکوڵی بۆ گۆڕی حەڵەبجە
تەنیا دەنگی بێزاری و
ڕەنگی گریانی مناڵ و
کزەی قیژەی ژنان و
کسپەی دڵی پیاو دەهات
هاوار هاوار
هاوار لە قووڕگی شاردا خنکا
هەڵەبجە لە جەهەننەمی بێ خوداییدا
لەچەند کاتژمێردا چۆقا و
برژا و بوو بەکۆڵوو
هەر لەو کارنەواڵی مەرگەدابوو
تەرمی سیروان لەسەردەستی زەوی
بەبێکەسی کەوتبوو
لە خورەی بۆنی سێو دەهات و
لەشەپۆلی تامی خەردەل
باڵندەکانی ئاسمانی هەڵەبجە
لە قریشکەی هەوری خەردەل
تاوتاو ئەهاتنەخوار و
ئەکەوتنەسەر بێشکەی کۆرپەی باڵ گرتوو
چ بارانێک لەمەرگ و
چ بۆنێک لە باخی سێو
هاوار بۆ خۆم
هاوار بۆ بێکەسیم
دەژیەمەوە
وەک ئاوی ڕووبار و گیای قەدپاڵەکان
وەک سەوزای دووای کۆچی سپی جستان
وەک خەڵفی دارستانی نەترس
پێنج هەزار گوڵە هێرۆ
پێنج هەزار نەمامی ورە
پێنج هەزار رۆحی بێگەردی خودا
بۆ هەڵەبجە دەگێڕمەوە
هەر دووای ئەوە
لەحەشری زیندوو بوونەوەمدا
یەک بەیەک چۆن چاوتروکان
چۆن گوێ بە سەروە پرووکان
چۆن دەستەکان بێ جەستە ئەسووڕانەوە
چۆن لاقەکان یەکتریان نەدەناسیەوە
هەرهەموو لە نووکەوە بۆخودا ئەگێڕمەوە
ئەوجا خۆم ئەتەکێنم و
چاوی هەرچی فریشتەی ئەو پێدەشتەیە
پڕئەکەم لەخۆڵی هەڵەبجە



# نەجاتدەر

سنه. پ.ر.سایدا

ماندووم !
ماندوو لە خۆم!
ماندوو لە هەموو
بەرژەوەندیەکانی کۆن
لە بیرەوەریەکانی گرێدراو
لە حەسارەکانی تەنراو!
وا دیارە من ،گابەردی
سەر جێژوانی تاوانم
کە لە هەزارەی کۆچ ؛
لە خەونێکی بێ هێز
بە جێ ماوم!
بۆ کەسێ نایێت؟!
دەستم بگرێ
بۆ کەسێ نایێت؟!
بم بات بۆ سەرهەڵدانی نوور
لە مەڵبەندی بەڵێن !
دەستی ماندوو لە خۆم
بداتە بە خۆم

❋❋

بۆئێوە تێ ناگەن؟!
من هەستی داگیر کراوم
لە نێو گۆماوی بیر!
کەهەر ڕۆژ لە نێو خۆم
دووبارە دێمەوە
هەر شەو لە دەلاقەی دوعا
ئەڕوانم بۆ ژووری، تۆبەکانتان

وا ناکرێ !
وا نابێ!
ڕەنگە لە ئاواتی ئەم خەونە و
عەزرەتی هاتنی نەجاتدەرێ
خۆم ببم بە کەس
لە دواهەمین خێڵ و
هێزە مردووەکانی ئەفسانەی
باپیرم
ڕەنگە خۆم نەجاتدەرم !
کەس، چی دەزانێت؟!

❋❋

ڕەنگە ببم
بە هەتاوی گوڵە بەڕۆژەکان
زەریای ڕووبارەکان
ڕێگای ڕێبوارەکان
یان، نەجاتدەری ماندووەکان!
بیر، لە خۆم دەکەمەوە
لە دلۆپی خوێنی سەر مێژوو
لە پەنجەکانی خودا
ئەوکاتەی کە گڵی سازدەکرد و
لە بۆخچەی نەهێنی
رۆحی دەبەخشی
من لە گەڵ ئادەم بووم
لەدڵی!
لە هەستی!
لە ڕۆحی!

لە کازیوەیەک سەربڕاو
کە چارەنووسمان دەستەمۆ دەکرد

❋❋

بیر لە خۆم دەکەمەوە
وا لە ڕووبەندی
لە نێو چاوانی
ناوەکانم لە بەر کرد و
کڕنۆش و
نافەرمانیم بینی ...
لە پەنای ئادەم
خۆمم ئەوەندە لە بەر کرد
کە پێست و ڕۆح و هەستی
پڕ بوو لە من و
سەرێژ بووم لە خۆم
بیر لە خۆم دەکەمەوە
کاتێ لە دەنی چەپی
سەرم هێنایە جیهانی ڕاستی
ئای لەو ڕۆژەی
وا خۆم بینی لە ئاوێنەی خودا!
خۆم بووم و
لەشێک و ڕۆحێک جیاواز
خۆم بووم و
هەزار هەست و یەک ئادەم !

وایە؛ خۆم نەجاتدەرم
بۆ کەسێ بێت و دەستم بگرێ



# تەیرەکەی گەرمێن

لە دەنگی محەممەد مستەفا عەزیز وەرگیراوە

نووسینەوە و ئامادە کردنی: ئەمین گەردیگلانی

هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
ئای نیشانەی بەهاری دێنێ
من لەبەر شابالی دەمرم، گوڵم
گەر لە ئاسمانێ دەخشێنێ.
وەک شەم و شەمزین ناکام بووم
وەک مەجنوون سەرگەردانم
وەک سیامەند جەرگم براوە
هەر خوم خانە وێرانم
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
بەو تەیرەم دەڵێن چۆلەکە
ئەو دڵەم وەک خانەی غەریبانە
دێ هێلانەی خوی لێ دەکا
هەر وەکوو دارە بەن بێ ئاوم
وەک گوڵی ژاڵە ژاکاوم
بۆ ڕوحمێ ناکەی بە حاڵم
من وەکوو قەقنەس سووتاوم
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
بەو تەیرەم دەڵێن مراوی
تیژباڵی خۆی لێ دەداوە، گوڵم
ئای لە نێوان هەور و دەساوی
من بە بێ سووچ و تاوان خۆم
تۆ لەسەر چیت لە من گرتووە قین
دوو جاران بە چاکە چکۆلانە
ئای بەئاسمانی حەوتەمین
هەر کەسێکی لە قەولان بازگەشت بێ
وەک جوو سەر پەنجەی ببێ شین
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
بەو تەیرەم دەڵێن کورکوڕی
من لەبەر جووت مەمکت دەمرم، گوڵم
هاتنە دەر کراسیان دادڕی.
سی ڕۆژەی مانگی ڕەمەزانێ
ئەی فەڕزە لە سەر ئوممەتێ
سینگەکەت قاقەزی مەرجانە گوڵم
گەر مەلا لێی دەدەن خەتێ
تۆ لە دنیای ڕوون بۆم نەبووی گوڵم
چیت لێ بکەم لە قیامەتێ
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
بەو تەیرەم دەڵێن هەوێردە
تۆ ئەگەر مەنزوورت ژنمە گوڵم
ئای لە مستی دەنێم سێ بەردە.
من لە یاری خۆم وا زیزم
ئای لە خەڵکی وایە گێژم
هیچ برینان لە خۆم شک نابەم گوڵم
من بەبێ زام زووخاو دەرێژم
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
بەو تەیرەم دەڵێن هەوهەوە
تیژ باڵی خۆی لێ دەداوە گوڵم
نیشت لە مەزراکەی «یەکشەوە»
باز و پۆڕ پۆلیان بەستووە گوڵم
سەر سەوزێکیان پێشڕەوە.
خۆ دەزانم بۆمن نابی گوڵم
وەک ڕۆژێ لەمن عەیانە
سینگم هەموو کونکونە گوڵم
جێگای سەرە پەیکانە
جەرگم هەموو لەتلەتە گوڵم
جێگای تیغی دەبانە
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
بەو تەیرەم دەڵێن پەڕپووتە
تیژ باڵی خۆی لێ دەداوە گوڵم
نیشت لە مەزراکەی «تەمووتە»
کاکە مەم بۆ ماچێ ئەسیر بو گوڵم
ئای لە جزیر و بۆتانێ
هەورێکی ڕەشی هێناوە گوڵم
گرتوویە بەری ئاسمانێ
من خەمی دایک و بابم نییە
لێم بەجێماوە چاو جوانێ
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
بەو تەیرەم دەڵێن شمقاڕی
تیژ باڵی خۆی لێ دەداوە
نیشت لە قۆپییەکەی «باڵباڵی»
دە یاری بێنە ماچت کەم
چونکە گەورە کچی ماڵی
دوێنەکەم دیوە لە هەیوانێ
لانکی خرخاڵەدار ڕادەژێنێ
من لە بەر تای زولفی دەمرم
شارێکی وەک سابلاغ دێنێ
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
بەو تەیرەم دەڵێن پاساری
تیژ باڵی خۆی لێ دەداوە گوڵم
نیشتەوە لە هەیوانساری
دە تۆخودا وەرە با جووت بین
شەنگە بێرییەکەی هەواری.
**
هاتەوە هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ
هێشتا دوورە و دەخوێنێ
من لە بەر ئەو تەیرەی دەمرم گوڵم
گەر نیشانەی بەهاری دێنێ.

کاک محەممەد مستەفا عەزیز ١٩٣٢ لە گوندی (کەرێزە) بۆکان لە دایک بووە.بەیت و حەیران و گۆرانی لە خاڵی خۆی واتە کاک ئەحمەد لوتفی فێر بووە کەکاک ئەحمەد لوتفی یەکێک بووە لە بەیت بێژ و هەقایەتخوانە بە ناوبانگەکانی موکریان و زوربەی بەرهەمەکانی لە لایەن مامۆستا قادری فەتاحی قازییەوە نووسراونەتەوە.

کاک محەممەد مستەفا عەزیز ساڵی ١٩٥٦ ماڵیان هاتۆتە شاری بۆکان و لەو کاتەوە دانیشتووی شاری بۆکانە. ئەو جگە لە بەیت و حەیران و گورانیی ڕەسەن بۆ لەبەر کردنی شێعری شاعیرانیش خاوەنی مرخ و لێهاتوویییەکی زۆرە، ئەگەرچی نەخوێندەوارە هەر شێعرێکی پێ خۆش بێ دوو جاری بۆ بخوێنیتەوە لە بەری دەکات.ئەو ئێستا زۆربەی شێعری شاعیران وەک: نالی و وەحوی و کوردی و وەفایی و کەماڵی و عەلی عارف ئاغا و هەژار و هێمن و زاری و حافزی مەهابادی و حەقیقی و ڕاوچی و پەشێو و ئاسۆ و... لەبەرە و هەر شێعرێکی داوای لێ بکەی دەیخوێنێتەوە و بۆی دادەمێنێ.

کاک محەممەد مستەفا عەزیز بێجگە لەو مرخ و لێهاتوویییەی دنیای شێعر و بەیت و گورانی یەکێک لە پیاوە قسەخۆشەکانی ناوچەی بۆکانە و لە هەر کۆڕ دانیشتنێکدا بێت دەبێتە گوڵی مەجلیس و کۆڕەکە دەڕازێنێتەوە و ئەوەی جارێک چاوی پێی کەوتبێ و لە گەڵی دانیشتبێ قەتی لەبیر ناچێتەوە.



# بژی هۆگر

بانە. غەفوور ساڵحی

حەشر و حەلەلایک بوو، سەیر. ڕێپێوان، لەم شەقامەوە بۆ شەقامێکیدی دەگوێزرایەوە. دەگەیشتنە هەر شەقامێ دووکاندار لە ترسا دەرابەکانیان شەقەشەق دادەکێشایە خوارەوە. دەنگی دادانەوەی پەستاپەستای دەرابەکان تێکەڵ بە هەراوهۆریاو شیعارەکان ببوو. هەر دووکان بوو دادەخرا و کە دەگێشتە حاست هەر کووچەیەک، خەڵکیی وەک شارەمێروو وروژابێت، لە کۆڵانە بەرەو شەقام لوور دەبوونەوە و ڕویان لە شەپۆلی ڕێپێواندەکرد. بەزۆر بوونی حەشیمەتەکە، نەعرەتەکان بەرز و بەرزتر دەبوونەوە: «بژی هۆگر....» «بژی....» «بژی... بمرێ....»

مامە خولە، هەر گێلەگێلی دەکرد و بەجێی وەڵامی پرسیارەکەی کوێخا، بەشوێن ئەوەوە بوو کە چۆن توورەو توورەتریبکات. دەرس و دەور بەتاڵ و خوێندگە هەموو داخرابوون. خا شیرین، لە بێتاقەتی خۆی هاتبووە ڕێپێوان و تەنانەت سۆزانی کچیشی کە خوێندکاری پۆلی سێهەمی سەرەتایی بوو، لەگەڵ خۆی هێنابوو. پاتۆڵەکەی تا پشت ناو قەدی هەڵکێشابوو و چارشێوێکی گوڵگوڵی ڕەش وسپیی، بەجۆرێک لە پشت شانە پان و ئەستوورەکانیەوە گریدابوو کە هەتا دووبست خوار نێوقەدیەوە بە سەر جەستەیدا شۆڕ ببۆوە. خا شیرین لە ڕیزی دواترەوەبوو. وێدەچوو ئەویش وەک مامە و کوێخا، ئاگای لە هەمزەو هەباس نەبێت و سەری لە دروشم و زەنازەنای ڕێپێوانەکە تەقەی بێت.هاتە پێش، بێتاقەتی قسە بوو:«ئەیەڕۆ کوێخا چۆن نازانی هۆگر کێیە؟ بەبیلا منیش خەریکم دەچمە سەر قسەی مامە خولە کە دەیگوت:" خەڵک لەخۆڕا بە کوێخات ناودەبەن. کوێخا نا، تەڕەماش!"» – باشە خا شیرین خۆ من و خولە، ئەوە بەزمی خۆمانە و قسەمان بۆ خۆمان دەکرد. بۆخۆشت باشمان دەناسی؛ خوومان پێگرتووە و ورتەورت و دەمەتەقەبۆمان بۆتە سەرگەرمیی و کاری هەمەڕۆژە. بەڵام پێم سەیرە تۆ چۆن گوێت لە هەموو قسەکانمان بووە؟ ڕەنگە گوێت هەڵخستبێ ئاورا! «دەیجا چم بکردایە کوێخا؟ بەخوا خۆ منیش وەک ئێوە سەر لەم هاتوهاوارە دەرناهێنم. ماڵتە تۆ لە قسەکەم لە بیر مەبەرەوە. با پێت بڵێم ئەو "هۆگر"ەی کە ئاها بەسەر دەست و شانی ئەو خەڵکەکەوەیە، کێیە؟ بەخوا پێموانییە بیناسی!» – ناوەڵڵا نایناسم دەیدەی!! بۆ ئەوە کێیە؟!«دەی ئەوە کوڕە بزێوە شەیتانەکەی خاڵە ڕەحیمە. ڕەحیمە سوور. ئەو لۆتیە هەموو کۆڵان و گەڕەکی ئێمەی بەزاکە هێنابوو. ئاها لەترسی وی کچەکانمان دەشاردەوە. پێم سەیرە! باشە تۆ چۆن دەبێ نەیناسیت. بەلای ناخێرت کوێخات پێدەڵێن. ڕەحمەت لە شیرت مامە خولە کەپێت دەڵێ گێلەکوێخا. کوڕە کوێخا خۆ زۆردەمێک بووخەڵکیی بەدەست ئەم هەتیووەوە زاکەیان بوو. هەتا ماوەیەک لەمەوپێش گوتیان ون بووە و کەس نەیدەزانێ چووە بۆ کوێ.» – دەی لە کوێ بوو؟ «لە کوێ بوو؟! ئاخرەکەی کاری خۆی

کرد و کچی کابرایەکی وەک تۆی هەڵفریواند و ڕەدووی خۆی خست و دوای ۱۱ ڕۆژ لەگەڵ کچە گەڕانەوە.»– ۱۱ ڕۆۆژ!!! ئەی چۆن ئێستا بۆتە پێشەنگ و ساحەب دەنگ و ئەو هەموو عالەمەی شوێن خۆی خستووە؟«تەحح!!! بەخواگێلی کوێخا. وا نییە مەحموو؟! دەیجا کوێخا ئەوە چییە؟! وەڵڵا وا ئەڵێ خەڵک!! خەڵکی چی؟!!!بۆ نایەی بیکەینە گریۆ؛ هەر ئا ئێستا دەنگ هەڵبڕم و بە چەن دانە هاوارهاوار، هەموو ئەو عالەمەی لەگڵ خۆم هاودەنگ کەم و وەشوێن خۆمیان خەم!» مامە خولە کە تا ئەوکات هەر گوێی گرتبوو و پێدەکەنی، گوتی: «بەخوا خا شیرین قسەی ڕاست وا بەلا تۆوە، سەت ڕەحمەت لە دایەوبابت. ئەوەی بە تۆ دەگوترێ و بە تۆ دەکرێ،نەک بە پیاوانی گەڕک، بەڵکوو بە هەموو پیاوانی ئەم شارەی ناکرێ...»

بەردەوام، پانتایی ڕێپێوانەکە بەرفراوانتر و دروشمەکان چڕتر دەبوونەوە. دەتگوت ئەو لافاوە بەتەمایە گشت کووچەو شەقامەکانی شار بگرێتەوە، کە لە پڕ دەنگی چەن تەقە لە چەن لاوە، بەزم و نەزمی ڕێپێوانی شێواند. خەڵکیی شڵەژان و دەست و قاچەکان تێک ئاڵان و ئاڵۆزان. ئێستا ئیتر خەڵکی بەعەکسەوە ڵەشەقامەو بەرەو کۆڵان دەبوون و هۆگر ئیدی بەسەر دەست و شانانەوە دیار نەمابوو...



# بەڵام

ساحێب. مەهدی فەللاحی ڕۆستەمان(سەرمەس)

من دەزانم عەشقی تۆ بۆ من سەراوێکە بەڵام...
ئێستەکەیش دڵ هەر بە هیوای نازی چاوێکە، بەڵام

چەندە دڵتەنگی شەقام و وردە ڕاز و وردە ڕێم
تا بە هەستی دڵ گەیین، تاقە شەقاوێکە بەڵام...

ئاگرت بەردایە جەستەی خۆم و شێعر و دەفتەرم
هەرسێ لاشە چاوەڕێی تیتۆڵە جاوێکە، بەڵام

داخراوە دەرکی دڵ بۆ شاری ژین، گەر بێیەوە
شاکلیلی نۆتی دەنگی تاری قاوێکە، بەڵام

چەشنی دەنگی لالۆ عوسمان زۆر کەمە زۆرت، کەچی
ئامەشۆت بۆ ماڵی دڵ هەر تاو نە تاوێکە، بەڵام

بەژنی شێعرم شانی نزمە و کوا بە باڵای تۆ ئەگا؟
تا لە نێوان ئەمن و تۆ هەر پیتی واوێکە، بەڵام

ماچەکانت دەرکی خەو بۆ چاوی سەرمەس باز دەکەن
وێڵی کووچەی بێ خەویم، ئەنگوستەچاوێکە، بەڵام



# باڵۆرەکانی غەریبی

بانە. ک.د.ئازاد

تا ئەو ڕۆژە زانستگای " ڕەشت " جووتە خۆشەویستی ئاوای بە خۆیەوە نەدیبوو!
کە دووبەدوو دەردەکەوتن، هەموو خوێندکارانی زانستگا بەشەوق و زەوقەوە چاویان لێ دەکردن!
بەهار و کاوە وا لێک دەهاتنەوە کە کەس ئێرەیی پێ نەدەبردن!
"کاوە"خوێندکاری زانکۆی پزیشکی و"بەهار"خوێندکاری ڕشتەی پەرەستاری بوو!
کاوە خەڵکی شاری "بانە " وپێنج ساڵ بوو لە ڕەشت خەریکی خوێندن بوو! بەهار خەڵکی "مەهاباد" و ساڵی دووی خوێندنی بوو!
دوو ساڵ بوو یەکتریان دەناسی .ئاشنایەتی ئەو دووە خۆی ماجەرایەکی سەیر بوو!
بەهارئەو ساڵەی کە بە خوێندکاری زانستگای ڕەشت وەرگیرا ، هەر لە هەوەڵی پایزەوە کە هات بۆ خوێندن سەرنجی هەموو کوڕ و کیژانی زانستگای بۆ لای خۆی ڕاکێشا! جوانی و ساکاری و بێ ڕیایی وای لەو کیژە کوردە کردبوو کە هەر دوولا کوڕ و کچ خۆشیان دەویست . هەر کە دەگەڵ پۆلی هاوڕێکانی وەدەر دەکەوت هەموو چاوەکان بۆ دیتنی وەردەچەرخا!
کاوە کوڕێکی دەرس خوێن و ڕەزاسووک و تەرپۆش و جوان چاک بوو! بە هۆی زرنگی و جوانیەوە لە ناو خوێندکارەکان دا بە ناو بانگ بوو!
بەهاروکاوە یەکتریان نەدەناسی . کۆتایی مانگی سێهەمی پایز بوو و خوێندکاران خۆیان بۆ تاقیکاری ئامادە دەکرد . بەیانیەکی زوو کاوە دەگەڵ دوو هاوڕێی بەبەر دەم زانکۆی پەرەستاری دا ڕادەبرد . بەهار و هاوڕێکانی لەسەر کورسیە بەردیەکانی ناو چیمەنەکە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد . لەو کاتە دا کە کاوە و هاوڕێکانی تێدەپەڕین یەکێ لە کچە کوردەکانی کۆڕەکەی بەهار بە ناوی ژاڵە کە دەیزانێ ئەمانە ڕشتەی پزشکی دەخوێنن بە دەنگێکی بەرز ڕوو بە کوڕەکان بە فارسی دەڵێ : ڕێگاتان لێ ون بووە دوکتۆرەکان؟ ئێرە هیچ نەخۆشی لێ نین!ئەگەر پێویستیشتان بە پەرەستارە فەرموون!
لەو کاتە دا کاوە کە چاوی لە چاوەجوانەکانی بەهار هەڵدەنگوێ و بەلەهجەش دەزانێ ژاڵەکوردە، بە کوردی دەڵێ : درەنگ یا زوو پێویستیمان بە ئێوە دەبێ! ئێوە دەبێ لە ئێمە زۆر نیزیک بن! بەڵام ئێستا کارێکی ترمان هەیە!
ئەم حازر جوابیەی کاوە کچەکان وە پێکەنین دەخا و بەهارکە یەکەم نیگای کاوە پێکاویەتی بە هاوڕێکانی دەڵێ: ئەوە کێیە؟ ناوی چیە؟
دوای ڕۆیشتنی کوڕەکان ، هەموو کچەکان سەر دەنێنە سەر بەهارو پێی دەڵێن : واز بێنە! ئەو کوڕە جوانە خەڵکی بانە یە و زۆر دەگەڵ کچان یەک نیە!

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

بەڵام هەوەڵ نیگا کاری خۆی کردبوو! لەم لاوە بەهاردەگەڕا بۆ ناو نیشانی کاوە و لەو لاشەوە کاوە لە دۆستان و هاوپۆلانی ناو نیشانی بەهاردەپرسی!

ڕۆژێک بە ڕێکەوت تووشی یەکتر بوون! ئەمجارەیان هەردووک بزەیان لەسەر لێو بووا! هیچ پێویستی بە ناساندنی یەکتر نەبووا! هەردووک زانیاری باشیان سەبارەت بە یەکتر هەبووا!

لەوە بەولا تا پشوو دەدرا و تا کاتی خوێندنی ڕۆژانە تەواو دەبوو کاوە و بەهار لای یەک بوون و شان بە شانی یەکتر دەگەڕان!

سەیر ئەوە بوو کەس ئێرەیی پێ نەدەبردن! وا هاوتای یەک بوون دەتگوت خوا هەر لە ڕۆژی ئەزەل ڕا بۆ یەکی درووست کردبوون!

**

ساڵی خوێندن وردە وردە بەرەو پێش دەچوو . وەرزی پشووی بەهارە بوو . نەورۆزانە هەموو خوێندکاران دەچوونەوە شاری خۆیان!

بەهارداوای لەکاوە کرد کە لە نەورۆز دا سەردانێکیماڵی ئەوان بکا تا دایکی لە نزیکەوە ببینێ! ئاخر بەهارلە ماڵەوە دەگەڵ دایکی دوو بە دوو دەژیان! باوکی چەند ساڵ لەوە پێش بە هۆی سەکتەمردبووا! برایەکیشی هەبوو کە ماڵی جیابووا! بەهارهەموو کەین و بەینی خۆی دەگەڵ کاوە بە تەلە فوون بۆ دایکی گوتبووا! دایکیشی داوای کردبوو کە لە نەورۆز دا ئەگەر دەکرێ کاوە سەردانێکی ماڵی ئەوان بکا تا چاوی پێ بکەوێ!

**

کە نەورۆز هات ؛ هەرکەس خۆی ئامادە کرد تا بەرەو شار و ماڵی خۆی بڕوا!

بەهاروکاوە دڵیان نەدەهات بڕۆن! ناچار هەردوو تا تاران بەیەکەوە بوون! لە پەنا یەک دانیشتبوون و دەستیان لە ناو دەستی یەک دابووا!

لە تاران چوونە " ترمیناڵ غەرب " . لە پێشدا بەهارسواری ئوتووبووسی " مەهاباد" بوو . لە دواین قسەدا گفتی لە کاوە وەرگرت کە نەورۆز سەردانی مەهاباد بکا و کاوە بەڵێنی دا کە دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە " بانە " بچێ بۆ مەهاباد!

**

پێنج ڕۆژ لە نەورۆز تێپەڕی! بە لای کاوە وە ساڵێک بووا! جانتای سەفەری هەڵگرت و بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوت!پێشتر بە تەلەفون بە بەهاری ڕاگەیاندبوو کە دێت!

هێشتا مابووی بۆ نیوەڕۆ کە گەیشتە مەهاباد . ناو نیشانی ماڵی بەهاری دەزانی . ئادرەسەکەی دا بە تاکسی و لە بەر کۆڵانی ماڵەکەیان دابەزی! بەهارلە بەر دەرگا چاوەڕوان بووا! لەبەر دەر و دراوسێ نەبوایە هەر لە کووچە خۆی دەئامێزی کاوە داویشت!

دایکی بەهار؛ " شکۆفە خان " ، ژنێکی نزیک چل ساڵە بوو . بە لام ڕەنگ و ڕوخساری زۆر لەوانە جوانتری دەنواند!پاش مردنی میردەکەی باڵی بەسەر منداڵەکان داکێشا و شووی نەکردەوە! ڕۆژانە لە ئارایشگایەکی نزیک ماڵی خۆیان کاری دەکرد!

شکۆفە خان زۆر بە گەرمی بەخێر هاتنی کاوەی کرد و دەستی دەگەڵ لێ داوە و لە پەنا خۆی دانا!



گۆفاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

لە بەر چاوی شکۆفە خانیش کاوە کوڕێکی جوان و لە بەر دڵان بوو!
کاوە زۆر زوو جێگەی خۆی لە ماڵ و دڵی ئەو خانەوادە دا کردەوە و ئەوە بۆ بەهار زۆر جێگەی خۆشحاڵی بوو!
پاش خواردنی نیوەڕۆ بەهار وکاوە چوونەدەرەوە و شکۆفە خان لە ماڵەوە مایەوە! هەر چەند بەهاروکاوە زۆریان دەگەڵ گوت ، وتی : نا ئێوە بڕۆن من دەبێ بۆ زاوا زێڕینەکەم ئەمشۆ تەعامێکی خۆش ساز کەم!
شکۆفە خان ژنێکی دەس ڕەنگین بوو! تێشت و خواردنی دەستی ئەو لای هەموو خزمانیان بە ناو بانگ بوو!
ئەو رۆژە خۆی تەرخان کردبوو تا بۆ کاوە باشترین تەعام سازکا!
هەر کە کاوە هاتبوو شکۆفە خان ،بە دیتنی زۆر خۆشحاڵ بوو! خۆشی نەیدەزانی بۆ! بەڵام هەستی بە چەشنێک کولانەوەی برینەکانی لاوەتی خۆی دەکرد!
بەهاروکاوە تا ئێوارە زۆربەی شوێنەکانی مەهاباد گەڕان!
ئێوارەیەکی درەنگ هاتنەوە . زۆر شتیان کڕیبوو! کاوە دیاری تایبەتی لە بانەوە بۆ شکۆفە خان هینابوو و ئەو ڕۆژەش لە مەهاباد شتی تری بۆکڕی و ئەو دیاریانە،ئەوەندەی تری لای شکۆفەخان خۆشەویست کرد!

**

دوای خواردنی شێو کە بە ڕاستی شکۆفە خان بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە سفرەی چنیبوو ، دەستیان کرد بە قسە و سێ نەفەری باسی داهاتوو یان دەکرد! زۆر جاران کاوە لە قسە کردن دا چاوی لە چاوەکانی شکۆفە خان هەڵدەنگووت و هەستی دەکرد کە زۆر بە تامەزرۆیی سەیری دەکا!
کات زوو دەفڕی و گەیشتە ساعەت ۱۲ نیوەشەو . کاوە هەستا . وتی: بەیانی دەتان بینمەوە و ئێستا دەچم بۆ میوانخانەیەک!
شکۆفە خان وتی : ئەمە چ قسەیەکە! تۆ میوانی ئێمەی و غەیرە نی! ڕازی نین بچیە میوان خانە!
هەر چی کاوە وتی بێ فایدە بوو! بەهارلە خودای دەویست خۆشەویستەکەی لە ماڵی ئەوان بخەوێ و زۆرتریش مەجالیان دەبوو تا باسی داهاتوویان بکەن!
بۆ خەو لە دیوێک جێگەیان بۆ ڕاخست و تا ماوەیەک هەردوو بە لایەوە بوون!پاشان جێیان هێشت تا بخەوێ! ئەوانیش چوون بۆ دیوی خۆیان!
کاوە تا درەنگ خەوی لێ نەکەوت! چۆن بخەوێ؟ خۆشەویستەکەی لەودیو و ئەویش لەم دیو! هەر لە خەیاڵ دابوو تا خەو بردیە وە!

**

کاوە هەستی کرد لەو تاریکیە دا کەسێک لە پاڵ جێگاکەی دایە!
هاتەوە بیری کە لە ماڵی بەهارە! " خۆیەتی! بەهار! "خۆی وەر گێڕا و توند بە خۆیەوە گوشی!
لە دڵ دا وتی :بەهارە و بۆیە متەقی لە خۆی بڕیوە تا دایکی وەخەبەر نەیە! ئەویش بێ دەنگ باوەشی بۆ گرتەوە و لە ناو حەز و شەوق و هەوەس دا لە ئامێزی یەکتر دا خۆیان مەڵاس دا!
گەرما و شەوقی هەوەس وای لێ کردبوون بڕستیان لێ بڕابوو! بۆ دەکرا هەر وا بێ دەنگ وەمێنن؟

"کاوە " لەو پەڕی ئارەزوو دا کەوتە ڕامووسان و دەستی بە هەموولەشی بەهار دا دێنا و ئەویش وەک کێشکەیەک خۆی دابوو بە دەستەوە و دەگەڵ لافاوی حەز و هەوەس دا مەلەی دەکرد!
لەپڕ درگا کرایەوە و کەسێک کلیلی بەرقی لێدا و دیوەکە پڕ بوو لە ڕووناکایی!
کاوە سەری وەرچەرخاند بەرەو لای درگا! چ ببینێ؟ بەهار لە قاپی درگا دا ڕاوەستاوە! کەسەیری ئەوەشی کرد لە باوەشی دایە بە سەر سووڕمانەوە دیتی کە شکۆفە خان دایکی بەهارە!
"کاوە " ئەوەندە لە تاسەوە چووبوو کە نەیزانی شکۆفە خان چۆن نیوە ڕووت هەڵاتە دەرەوە و ئەویش لە خەجاڵەتیان چۆن خۆی پۆشتە کردەوە و چۆن جانتا و شتەکانی پێچاوە و چۆن لەو ماڵە هاتە دەر!
کاتێک کزەی ساردی با وەئاگای هێناوە کە جانتا بە دەست لە شەقام بوو!
خۆشی پێی سەیر بوو؛ بۆ زەوی قووتی نەداوە و چۆن ئاسمان هەڵی نەلووشیوە!نەی دەزانی بڵێ چی! چۆن شکۆفە خان بە خۆی ئیجازەداوە بێتە پاڵی؟ بۆ نەیزانیوە ئەوە بەهارنیە و دایکیەتی؟ بۆ؟بۆ؟ و هەزاران بۆ؟ کە وەک خۆرە گیانیان دەخوارد و جوابێک نەبوو!
تا بەیانی لە شەقامەکان سووڕایەوە و وەک شێتان دەگەڵ خۆی دەدوا! ڕووی نەبوو بۆ ماڵی بەهار وەگەڕێ! چاوی پڕ لە بوغز و کینە و ناباوەڕی بەهار، ساتێ لە بەر چاوی ون نەدەبوو! کە خۆر هەڵات ئەو هەر وا بێ هەدەف و ئامانج دەسووڕایەوە! لە لایەک دڵی نەدەهات مەهاباد بە جێ بێڵێ و لە لایەکیش قاچی هانای نەدەدا بڕوا!
لای ئێوارێ سواری ماشێن بوو و بەرەو بانە وەڕێ کەوت!

**

دوای نەورۆز ، هەموو خوێندکارانی زانستگا هاتبوونەوە بەڵام بەهار دیار نەبوو! ئێوارە ژاڵە و پەروانە وسێ چوار کچی تری کورد هاتن تا هەواڵی بەهار لە کاوە بپرسن و بزانن بۆ نەهاتۆتەوە!
کاوە لە ژێر لافاوی پرسیاری کچەکان دا نەی دەزانی چ بکا! هیچ جوابێکی پێ نەبوو! زۆریشی پێ خۆش بوو دەگەڵ یەکێک دا دەردە دڵ بکا! شەوانە لە خەفەتان خەوی لێ نەدەکەوت!
دوای ڕۆیشتنی کچەکان کاوە بانگی ژاڵەی کرد و پێی وت : ژاڵە دەمەوێ قسەت دەگەڵ بکەم! تکایە تاوێکی تر وەرەوە!
چارەکە سەعاتێکی تر ژاڵە هاتەوە و زۆر تامەزرۆ بوو بزانێ کاوە چ کارێکی پێیە!
کاوە وتی : ژاڵە گیان دەزانم تۆ جێی متمانەی بەهاری! من قسە و باسێکت لا دەکەم کە ڕەنگە لێم بڕەنجێی یا یارمەتیم بدەی! بەڵام تکایە لە هەر حاڵ دا لای کچەکانی تر هیچ مەڵێ!
ژاڵە بە سەر سوڕمانەوە وتی : کاوە خۆت دەزانی من زۆر شۆخی دەکەم بەڵام کەس وەک من ڕاز نیگادار نیە! هەر قسەیەکت هەیە تکایە پێم بڵێ و متمانەم پێ بکە!
کاوە لە نووکەوە هەموو شتێکی بۆ باس کرد و لە پاشان وتی : نەهاتنەوەی بەهارخەتای منە! تکایە یارمەتیم بدە! هەر نەبێ با بەهار بێتەوە و درێژە بە خوێندنی بدا!
ژاڵە پاش تاوێک ڕامان وتی : کاوە دڵنیا بە یارمەتیت دەدەم! هەر ئەمشەو تەلەفون بۆ بەهار دەکەم و بێ ئەوەی ئیشارە بە تۆ بکەم داوای لێ دەکەم بێتەوە!
کاوە دڵ پڕ لە خەم و پرسیار و پەشیمانی ،تامەزرۆی بیستنی خەبەر بوو لە لایەن ژاڵەوە!

**

ژاڵە پاش چەند جار قسەکردن دەگەڵ بەهار لە دەمی هێنادەر چ بووە! بەهار وتبووی دێمەوە!
ئەو خەبەرە چەندە کاوەی خۆشحاڵ کرد ، زیاتری بردە فیکرەوە! چۆن دەگەڵی دەجوڵێتەوە؟ بڵێی وەک بێگانە بن؟ تازە عەشق و خۆشەویستیان تەواو بوو؟ وە هەزاران پرسیاری بێ وەڵامی تر!

**

بەهار پاش حەوتوویەک هاتەوە! لەلای کچەکان بە غەیری ژاڵە هیچی نەگوت! هەر کە دەگەڵ ژاڵە بە تەنیا دەبوون دەستی دەکرد بە گریان!
- ژاڵە گیان دەزانم کاوە هیچ تەخسیری نیە! هەموو هەڵە و تاوانەکان هی دایکمن! تازە نە کاوە لە ڕووی دێ بێ بۆ داخوازیم و نەمنیش غیرەت دەکەم شوو بە کەسێک بکەم کە دایکم لە باوەشی داخەوتووە!
- .......

**

ڕۆژانە لە دوورەوە کاوە سەرنجی بەهار و کچەکانی دەدا! کچەکان هەموو لە بەهار یان دەپرسی بۆ دەگەڵ کاوە ناگەڕێ و قسە ناکەی؟ ئەویش لە وەڵاما دەی گوت :" خانەوادەکانمان ڕازی نین! ئێمەش هاتووینەسەر ئەو بڕوایە واز لە یەکتر بێنین"! بە ڵام ڕاستیەکە، شتێکی تر بوو!
حەوتوێک بوو بەهار هاتبۆوە و سەری بە خوێندن و دەرسەکانیەوە خەریک کردبوو تا بەڵکوو کاوە و کارەساتەکەی مەهابادی لە بیر وەچێ! ئێوارەیەک لە نزیک زانکۆکەی خۆیان چاوی بە کاوە کەوت و هەر دووک بۆ ماوەیەکی زۆر ، بێ چاو تروووکاندن ، واقیان وڕ مابوو! لەو کاتەدا ژاڵە گەیشت و سڵاوی لە کاوە کرد و ئەویش هاتە پێش و لە بەردەم بەهار دا وێستا! کاوە وتی : تکایە ژاڵە گیان دەکرێ چەند چرکەیەک جێمان بێڵی؟ پاش ڕۆیشتنی ژاڵە ، کاوە وتی : بەهار دەزانم زۆر لێم ناڕاحەتی و حەقتە! بە ڵام ....
- تکایە کاوە باسی هیچ مەکە! من هەموو شتێک دەزانم! دەش زانم خەتای دایکم بوو! تۆ لەو تاریکیەدا وت زانیبوو منم!
- وایە ...!
- دوای ڕۆیشتنی تۆ شەڕێکی باشم بە دایکم گێڕا! ئەویش دوای گریانێکی زۆر پێی لێنا کە تاوانەکە هی خۆیەتی و تۆ هیچ تاوانێکت نیە!
- ........
- .......

**

لەوە بەولا هەموو ڕۆژێ دیسان جووتە دڵداری کوردی زانستگای "ڕەشت " ،بە یەکە وە لە گۆشەیەک دادەنیشتن! نەیان دەتوانی بێ یەک بژین! کە بیریشیان لە داهاتوو دەکردەوە ؛ دەچوونە ناو دەریای خەیاڵ وماتی و بێدەنگی!
ئەمجارەیان بێدەنگیەک باڵی بە سەرداکێشابوون کە وەک ئارامی بەر لە تۆفان بوو!



بانە. ئاودێر

## سپاس

بەچاوانت ئەوینی خاوم سپاس
وەکوماسی گیرۆدەی داوم سپاس
یادەکانت زامی دڵ سارێژ دەکەن
بەوخەیاڵەش هەرزیندوماوم سپاس
کە تامەزرۆی بەڵێنی بەوەفابە
چاوەڕێژە بۆسۆمای چاوم سپاس
زۆر ئەترسم بترسی لەونیگایە
جارێک وتت بۆکیشی داوم سپاس
تەوارەکەم شاخی دڵ لانەیەتی
بۆیە دایم لە بازنەی ڕاوم سپاس
سەردەمێکە لە ئاستی لێوەکانت
بەگیانی تۆ شەختەلێدراوم سپاس
وتم ڕێدە لەچاوانت ماچێ بەدڵ
وتی دەکرێ مەهێنە ناوم سپاس
کەلێوانت هێنایە دەم پشکووتن
زانیم بەماچ خەڵات کراوم سپاس
لەوکاتەوە لە گۆنا ڕامووساوم
سەراپادڵ وتی خووساوم سپاس
چرۆدەگرێ باڵاکەی لەبەرهەتاو
لەگەزۆی ڕوو هەنگی نووساوم سپاس
لە باخچەکەی نەمامی شەمام گرتوو
ئەمساڵ چەشنی قەفی لاولاوم سپاس
لەو مەڵبەندی ڕێواسی مزری گەرەک
خاسەفەرمووی بۆ تۆ ڕوواوم سپاس
ئەڵێی خەونە ڕاپەڕە دڵی بەسۆ
بەخەونیشبێ تێرو پاراوم سپاس
ئاشت بوونەوە خۆشە لەم کاتەنەبێ
بەدەس ڤایرۆس نغرۆی هەناوم سپاس
«ئاودێر» حەزی لەتۆران گەلێک زۆرە
ئاشتی ماچە مژدەی پێداوم سپاس



مەهاباد. سەید نووح عینایەتی(نەبەز)

دایە ئەی خەمخۆرەکەی ڕۆژ و شەوم
باوەشت هێمنترین شوێنی خەوم
پڕ دەبێ کاتێ لە خەم جامی دڵم
یادی تۆ هێدی دەکا زامی دڵم
وەک منالێ ئارەزووی شیرت دەکەم
دایە نازانی کە چەند بیرت دەکەم

چاوەکانت عەینی سەرچاوەی ئەوین
پڕپڕە دایە لە جوانی و پێکەنین
تیشکی چاوانت ستێرەی ژینمە
باوەشی یادت هەواری شینمە
وەک منالێ ئارەزووی شیرت دەکەم
دایە نازانی کە چەند بیرت دەکەم

پاشی تۆ شارم بە خەم هەڵگرتووە
وا لە ماڵم شادی کۆچی کردووە
دایە دەردی تۆ وە گیانی من کەوێ
دایە تۆ گیانت وەرە خەونم شەوێ
وەک منالێ ئارەزووی شیرت دەکەم
دایە نازانی کە چەند بیرت دەکەم

تۆ کە ڕۆیشتی چرا خامۆش بوو
بوو بە شەو وەک من جیهان ڕەشپۆش
بوو
گەرچی ئەو خاکە لە من کردی جودا
ماچ دەکەم هەر خاکێ بۆنی تۆ بدا
وەک منالێ ئارەزووی شیرت دەکەم
دایە نازانی کە چەند بیرت دەکەم

دڵپڕی دیداری تۆم چارم نییە
هیچ کەسێ ئاگای لە هاوارم نییە
ئاسمانێکم هەور کەوتۆتە چاو
شینمە هاوارمە دەگریم بەتاو
وەک منالێ ئارەزووی شیرت دەکەم
دایە نازانی کە چەند بیرت دەکەم

ئەشک و گریانم بەکوڵ هێناوە بۆت
دایە سوێندێکت دەدەم تۆ گۆڕی خۆت
دایە بۆ ساتێ ئەگەر بێ زۆر و کەم
تاسەمە جارێکی تر بۆنت بکەم
وەک منالێ ئارەزووی شیرت دەکەم
دایە نازانی کە چەند بیرت دەکەم



# تراژیدیا

مەریوان. ج.م.هەڵبەست

پەنجەکانی
تینووی خوێن بوون،
مۆتەکەی شەو!
لەسەر سنگی "کۆڵبەر"  برین!
بەفر سوور بوو،
ڕەش هەڵگەرابوو ڕەنگی ژین!!
**
منداڵێکی یەک دوو ساڵان،
چاوەڕێ بوو،
کە بەیانی؛
بە ماچێکی گەرمی "بابە" لە خەو هەستێ!
نەیدەزانی؛
هەر ئەو شەوە،
"باوکی کۆڵبەر"
دڵی لە لێدان دەوەستێ!!
**
سەمای دەگێڕا شەوەزەنگ!
چیا مات و
لووتکە بێدەنگ!
گوێی ئاسمانی کەڕ کردبوو؛
گورگەلوور!
خەوی ئەستێرەی دەزڕاند،
گولەی تفەنگ،
لەسەر سنوور!
**
برینپێچێک
بە دەم
هەنسکەوە جار جار!
فرمێسک لە چاوی دەڕژا!!
بۆ کۆڵبەرێکی بریندار!!
**
کیژۆڵەیەک پرچەکانی دادەهێنا و
دەیوت: دایە!
کوانێ بابم!
بۆ کوێ چووە من نازانم!!
دایکی بە دەم گریانەوە؛
دەیوت:
ڕۆڵەم!
منیش وەک تۆ چاوەڕوانم!!
**
ئاپۆڕەیەک دیار بوو ،
لە دوور!
قەتارەی ڕەش
لەنێو بەفری سپی هەردا!
جەستەی بێ گیانی کۆڵبەرێک
لەسەر شانیان،
چەند کەسێکیش دەگریان و
بە دوو دەستە
دەیاندا
بە سەریاندا!!



# به کوێری چاوی دوژمن

بۆکان. کاوه داشبەندی

به کوێری چاوی دوژمن هەر ئەوەندە باشه ئەحواڵم
به مەشقی عەشقی ژین مەستم به سەر تاسە و خەمان زاڵم

بەرەو جێژوانی دڵدارام وەکوو لاوێک کەیف خۆشم
دڵم هەر لێدەدا بۆ ژوان ئەگەرچی ئێستێ چل ساڵم

خەیاڵە ڕەنگ و ڕووی پیری هەتا جوانانی شارم بن
به نازی چاوی چاوبازان ئەوەندەخۆش و سەرحاڵم

له نێو کوچە و شەقامی شار ئەگەر نازێک گەدایی کەم
به تەرکەندەش بەری نادەم دەڵێم من عاشقی سواڵم

ئەویندارێکی لێزان نیم، به بێ حیلە و فڕ و فێڵم
بەڵام چ بکەم خودا وای کرد که شێتی سنگی پڕ خاڵم

هەزار باس و قسەم پێیە که بچمە خزمەتی دڵدار
که شانازی حوزوورم بوو دەڵێی چەند ساڵە من لاڵم

تەمەن هەر چەندە زۆریش بێ خەیاڵم باوەشی تۆیەو
له نێو ئامێزی گەرمی تۆ ئەوەندە چووک و منداڵم

به چاوی تۆ قەسەم جوانێ وەکوو پرچی پەرێشانت
که ڕۆژێکی له من دوور بی منیش بەو شێوه تاڵ تاڵم

له ڕۆژ بێزار و ئاواتم شەوێکی تار و بێ نووره
به نووری دیدەکەی مەستت چراخانە ئەمن ماڵم

بەقا هەرگیز به شێخ ناکەم له سەیدیش خۆ دەپارێزم
بەڵام چ بکەم به یادی تۆ ئەمن هەر عاشقی شاڵم

له سایەی تۆ و وڵاتی خۆم هەڵۆی کوێستانی کوردانم
له ئاسمانی ئەویندارانی ببیسته دەنگی شاباڵم

ئەوەی مەنعی دەکا، بیکا که "کاوه"ی تۆ دەڵێ ئەمڕۆ:
به کوێری چاوی دوژمن هەر ئەوەندە باشه ئەحواڵم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## خۆزگە

سەقز. عەتا ساڵح پوور

گەر هەزار خۆزگەم هەبێ من ، خۆزگەیێ جیاوازترە
سینە گەر ناساز بوو دایم، ئێستە زۆر ناسازترە

سێحری چاو، کوشتاری ئەبرۆ پرپڕی ڕازن کەچی
لای منی تینووی نیگایێ ، یەک لە هەموان ڕازترە

ناز لە هەر چیدا هەبێ کڕیاری خاسی خۆی هەیە
نازی چاوم سەیرە بۆچی پێ لە هەرچی نازترە؟

دەنگی کەو ، قومری و قەناری هەر هەموو ئاوازە لام
سەیرە ئەمما ،دەنگی تۆم پێ خۆشترە، ئاوازترە

داوەتی چۆم و چیایە و دیمەنێ شازە بەهار
ئەم گەڕی گەڕیانە وەردت،دیمەنێکی شازترە

دێڕەکانم گەرچی لاوازن بەڵام ئەو دێڕە وا
وەسفی جوانی تۆ نەکاتن بێ گومان لاوازترە

خۆزگە لەم هەورازەڕێگای پڕ لە بەربەستەی ئەوین
تۆم لە گەڵ بای تاکوو لووتکە، تۆ نەبی هەورازترە

ئەشقی"لەیلا"و "قەیسی عامر"بوو بە ئیعجازی ئەوین
هیچ دەزانی ئەشقی تۆ و شێعری "عەتا"ئیعجازترە؟



## جارێ تر "ئاخرین ئەنار دنیا"



ئامادەکردنی: ئیلام مستەفا بەیگی_رودوس فەیلی

گرێ دە دنیای هونەرییێگ ژنانە
– سەرچاوەی وتووێژەکە: شەفەقنیوز
"ماڵپەڕی کوردەکانی فەیلی عراق، بەغدا –

"بەتوول مەنسووریجوو" وە نامنازاری "هناس فەیلی"، کورد فەیلی مەڵکشایێگە ک لە باوگ و داڵگێ بەغدادی هاتگەسە دی
ئەو ک ئێسە دانیشتگ تێهرانە، دە چەن پیشانگای کارەیلەی هونەری کار دکەێ و دەسکارەیل خوەی وەرد برەند هونەری "هونرین" ک برندێ هن ژنەیل هونەرمەندە، دفرووشێ.
دە ئی گرە دنیشیمنە پای دەمنیشت ئی ژن هونەرمەندە.



وێژکار:
رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی" ئیلام

– هناسە گیان، خوەش هاتی
: خوەش بمینن، وە بان چەم، منیش خوەشاڵم ک هامە خزمەتتان

– جگێ لە خوەت بویش ئەڕامان، خاتوون
:م، دە بنەماڵەیلێگێ مەڵکشای ک دانیشتگ بەغدا بین و دە دەهەی هەفتای میلادی، وەرد دوێم چین تاڕانن کوردەیل فەیلی لە عراق کریانە دەر، ئەڵبەت دە تێهران، هاتمە دی.
بنەماڵەگەمان ئاوارەگی فرە دە جیروفت و کاشان کیشان و چەن ساڵێگیش هاتمە تێهران ژیان و م دەو ساڵەیلە دە تێهران هاتمە دی، دە ساڵ ۱۹۷۷ زاینی، ئمجا وە ماڵەوە چگیمنە ئیلام.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

– کەی هاتیتە نام کار هونەری.

: نزیکەی بیس و پەنج ساڵ پیش، م وەوێنەی تایپیست دە هەفتەنامەی سوبح ئیلام، چگمە سەر کار و چەمم وە رۆ دنیای هونەر چەکیا.

دەورەیلە دە کەش تایپ، جگجگ دەسکردمە نیگارکیشی ئەڕا ئەڕازانن لاپەڕەیل رووژنامەگە ک ئەومە دەسی ئەنجام ددریا و کار سەختێ بی. ئمجا مانگنامەی ئیلامشار و ئمجا روویش. وەیجوورە کیشریامە نام کار و بار نەخش و نگار کیشی.

– دە ئیلام، کڵاس و چشتێگیش چگیت؟

: نە، دە ئیلام ئەومە، جیێ ئەڕا کار هونەری ژنەیل نەبوو و هە دە ماڵ کار کارێ دکردم، تا وە ماڵەو، دوارە هاتیمنە تێهران.

– دە تێهران چە؟

: دە ئێرە، م لە سەرانییەو وە کڵاس خەت چگم و خەت سەفیر کار کردم، ئۆمای ئەوە چگمە کڵاس خەت کووفی، جگەجگە دیم خەت نەدتوانێ تێرم بکەێ. ئمگل وە خاتر نزیکی خەت کووفی و تەزهیب، خوەشم وە تەزهیب هات و وەر ئەو تەزهیب کیشریام. وەرد ئۆەتەگەم "دڵنیا" و کوڕەم "ژیار" ک ئەوانیش نەقاشی کیشن، رووڵەبجم هاتیمنە نام کار هونەری.

– تەزهیب یانێ چە؟

: مانای کیشان نەخش و بڵەخش سوننەتی دە پایمان و کەم و کنار خەت و قورئان و ... چشتەیلێ لەیواسە.

– یانێ چگیتە نام کار تەزهیب قورئان

: نە، ئەڕا بەیس قسە وتم و تاریفێ لەی کارە کردن. ئیمە برێ ژن هونەرمەندیمن ک تەزهیب سوننەتی ئەڕا سازین دەسکارەیلێ وە چوو و خەڕگ (سوفاڵ) و قاقەز و مس، گرتیمەسە کار.

– تا ئێسە پیشانگا داشتنە؟

: بەڵێ، وەر ژە ئی قەیران کرونا، دو جار پیشانگای خەت و تەزهیب دە تێهران داشتیمن

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

– ئوو ئمکه؟

:یەمه دی خۆ گشت چشتێ بییەسە مەجازی و ئانلاین. م هەم دە پەیجەگەی خوەم دە ئینستا و هەم دە پەیجەگەی برەند (هونەرین) کارەیلەمان دخەیمە وەر چەم وڵات.

–ئایا دیووڕێ ک بویشیم شوون کورد بیینت ئوو هناس کورد، دە نام کارەیلەی "هناس فەیلی" دیارە؟

:هەر هونەرمەندێ، هەر کارێ ک بکەێ، چ بخوازێ و چ نەخوازێ، یا خاستر بیشیمن، چ خوەی ئاگا وەێ ببێ و چ بزانێ و چ نەزانێ، شوون زوان داڵگیێ دە کارەیلە، دبێگە دی. منیش وەیچوونە.

–ئەر دیارتر بخوازیمن بیشیمن؟ چە؟

:ئا زۆتریش هە وەیجوورەسە. م فرەتر مووتیڤ ئەنار دبەمە کار، چوون ویرم ها دە لای "دواهەمین هەناری دنیا" ، ئەو دمائەنارە ک ماموستا بەختیار عەلی دە رومانێ رەیین کیشاگسەی. م هەم هە دڵم دقرچێ ک ئەو ئاخرین ئەنار دنیا، کوردانە، دە تەزهیبەیلەم واژا بکرێ.

–سەر قسەیلەت وتی، ئێسە بن قسەیلەت چەسە؟

:ئاواتەخوازم ک کڕ داوو وڵات بکیشرێ و هیمیدارم ک زووترێ ئی کرونا لە ملمانەو ببێ و بتوانم دە ئیلام و کرماشان و سنە و مەهاباد و بووکان و ورمێ دەیلا، ئوو دە وان و ئامەد و ئستامبووڵ و سلێمانی و دهووک و هەولێر و کووت و بەغدا و بەدرە و خانەقین و عفرین و کووبانی، دە دنیای پڕ لە هێمنی و دڵنیایی و دووستایەتێ و رێ و ریچەی مێهر و یاری، وەوێنەی ژنێگ کورد، پیشانگای دەسکارەیلەم بخمە وەر چەم هامزوانەیلەم، وەر چەم گشت دنیا، ئاوەختمە، یە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



مەریوان. ڕانا

یاخوا هیچ دڵێ و بێ قەرار نەبۆ
بەندو وەشەسیای دیدەی یارنەبۆ
نەکێشۆ ناڵەی شەوان بێداری
موبتەلای زامی پەڕ ئۆگار نەبۆ
هەرگیز نەکێشۆ هەناسانی کاڵ
بە تیرۆ عەشقی بریـــندار نەبۆ
نەساچۆ بەدەرد دووری باڵاو تۆ
پەی ساتێو دیەیت گرفتار نەبۆ
نەنیشۆنە پای قاپی پەرەستەگەو
دەس بە دامان و ناڵەو نار نەبۆ
نەگێرۆ ڕاکەی شەیدایی سەیدی
پەی نیگای تەرساشێت و هارنەبۆ

حەز کەرێنێ
یۆ جە پیتەکا بیێنی
وەزێنێ تەنە دلێ شێعرەکام
پێ هەمیشەی
دڵەنە بێنی
مەرهەم پێ زامو دردەکام



بانە. ئەنوەر پشتیوان

شیرینی وەک هەستی (لەتیف)
وەکوو «بەفر و گوڵی»(پشکۆ)،
وەک شەقەی باڵی ئازادی
وەک شاعری خاوەن شکۆ.

شیرینی وەک ئەو شیرینەی
شیرین تەشیەکەی ئەڕێسێ،
وەک ئەو ژینە تیای نەمێنێ
تاپڕ و قەناسە و ژێسێ.

دڵگیری وەک ئەو شەونمەی
غەرقە لە ئامێزی گیا،
وەکوو هەڵۆی بیر و هەستم
کاتێ ئەڕوا بەرەو چیا.

دڵگیری وەکوو ئەو خەونەی
پڕ لە شێعر و مۆسیقایە،
کاتێ دایکم ئەی خەواندم
بە گۆرانی و لایە لایە.

وەرزی گوڵ و تاسە و ئەوین
ئەی وەرزی جوانی بەهاران،
بە دەشتی پڕ لە مێلاقە
شیرینی وەک (نمەی باران).

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



سنه. ڕەحیم لوقمانی

بەردەنووسەکانی داریووش
به تەوەسەوە لێم دەڕوانن!
چاوی هزرم که ئەچێته سەر پەیکەره و
سەر شمشێری وشەکانیان
دڵۆپ دڵۆپ، خەونی سووری
"ئاستیاگ" و "فەروەرتیش"یان لێدەچۆڕێ
کەچی ئەمڕۆ ناوی کوڕانی مه، کوورش یان داریووشه!
داخۆ هەرگیز ژانتان دیوه هێند بەسۆ بێ؟
چونکه هەرگیز نەمدی لەوان،
کەسێک ناوی ئاستیاگ و دیاکۆ بێ!
له پارک و شەقامی باکووردا
پەیکەرەکانی ئاتاتورک به بزێکەوه سەیرم دەکەن!
له حەسرەتا، وەخته شاخی سەختی ناخم بتوێتەوە
چونکه دەیان ئەشکەوتی خنکاوی دەرسیم،
پێنج هەزار پەپوولەی قەقنەس و
تەرمی نادیاری "سەید ڕەزام" بیر دێتەوە!
تووڕەیی بەحری وان و سەبری ئاگریم،
چۆن هەڵناچن بەم ئازاره سەخت و تاڵه!
چونکه هێشتا ناوی کوڕانم دەبینم،
هەر مستەفا و هەر کەماڵه!
کەللەی بەغدا هەتا ئەمڕۆش
هەر جمەی دێت له کرمی خەیاڵی ئەنفال و
له تامی تەعریب و تاڵانبەریی کچانی کورد!
وا ئێستاش له جیاتی دەستی جووتیار و
قەڵەمی بێکاری خوێندکار و
به جێی سەخاوەتی خاک و شکۆی قەندیل،
هەر بەغدایه ڕووگەی هیوای سەرانی کورد!

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



مەهاباد. سووتاو

## زولفی پەرێشان

وەک زولفیپەرێشانت، دڵ کـــەوتە پەرێشانی
ئاوێنە یەکم ئیمـــڕۆ، بۆ بێ ســـــەر و سامانی

من پووشی بە دەم باوەم،ئاوارە لە هەر لاوەم
تۆ نووری خوداوە ندی، دەرمـانی غەم و ژانی

چەن خۆشە کــە یارم بی، تاوێ لە کەنارم بی
بارانی بەهـــــــــارم بی، تو باعیسی هەرمانی

تۆ پاکی وەکو ئەشکم، مەستم وەکوو چاوانت
بۆ جـەستەی وەستاوم، تۆ تین و وزە و هانی

ئیمڕۆکە گـــــــــرفتارم، سووتاوم و بێمـارم
بەو داغە کە نەت دیوە،بەو دەردە کە نەتزانی

سفرەی دڵی من ئیمڕۆ،ئاواڵە یە دەی فـەرموو
نەورۆزە دەگـــەڵ بولبول،تاوێ وەرە میوانی

سەر خاکی بەری پێتە، نێـــو ناخی دڵم جێتە
دێوانەم و(سووتاو)م وەک تاهیـری عوریانی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانه



# کوردم بە شەقامی ڕێزدا دەڕۆم

سەردەشت. حەسەن روش(پارێزەر)

ئەویندارانی زمان و وێژە و ئەدەبی کوردی،

ئەی هەموو ئەو کەسانەی دۆستی فەرهەنگی ڕاستەقینە و گراوی ئەلفبێی ڕێز و خۆشەویستین، زۆر لەمێژە خوتخوتەی نووسینی مژارێک لەسەر فەرهەنگی بانگکردن و وەڵامدانەوەم لە دڵدا دێت و دەچێ.

ئەو بەشە لە ئاخاوتن بەشی هەرە زۆری گفتوگۆی ڕۆژانەی ئێمەیە و نکوڵی لێ ناکرێ.

بەڵێ، هەموو نەتەوەیەک بنەمایەکی تایبەتی فەرمی و نافەرمی بۆ ئەو بەشە هەیە و لەلای خۆیان و نەتەوەکانی دیکەش دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ.

ئێمەی کوردیش بنەمایەکی تایبەتیمان هەیە و نابێ وەپشت گوێ بخرێ، چونکە ڕیشەی زانستی، فکری و ئەخلاقی لەو جۆرە ئاخاوتنانە دا بەدی دەکرێ.

کاتێک دەڵێین فەرهەنگ، واتا لایەنی باش و قەبووڵکراوی هەموو کردەوەیەکی مرۆڤانەی جوان.

چاکوچۆنی، بانگکردن و وەڵامدانەوەش بەشێکن لەو شتە جوان و قەبووڵکراوانە.

بێگومان ڕووی جوانی ئەدەب، لە ئاخاوتن دا چاکتر دەردەکەوێ، چونکە کەسێک قسە نەکا ناسینی ئاستەمە، بەڵام کاتێک وەقسە دێت ئەوە ڕووی ئەدەبی، زانستی و مرۆڤانەی زۆر جوان ئاشکرا دەبێ.

ئەوەی زمانشڕە و قسەی نەشیاو و ناحەز دەکا، دیارە زنەی ئەدەبی لاوازە و ڕەنگە وردە وردە خەڵک لێی بتەکێنەوە و لە دوایش دا دەبێزرێ.

هەمووومان ئەو وشانە دەزانین و دەناسین:

کاک، دێد، خوشک، برا، ڕۆڵە، گیانە، بەڵێ، نەخێر، مام، پوور، بەڕێز، خاتوون، باجی، مامە، خاڵە، هێژا و ..... .

یان هێندێک وشەی پەیوەندیدار لەگەڵ کاری هێندێک کەس وەک وەستا، دکتۆر، ئەندازیار، مامۆستا، مەلا و ...... .

هەروەها هێندێک دەستەواژە وەک: سڵاوت لێبێت، بەیانیت باش، دەم باش، کات باش، ئێوارە باش، ماڵ ئاوا، خوات لەگەڵ، ژیانت باش، شەوت ئارام، شەوت باش و ..... . ئەو وشە و دەستەواژانە هێندێکیان دەلکێندرێن و هێندێکیش بە تەنیا کاریان پێ دەکرێ و هەر هەموویان ڕێز، حورمەت، پەیوەندی خۆشەویستی میهرەبانی زۆر دەکەن، بەڵام کەمتر دەبیسرێن و دیارە لەگەڵ کەم لوتفی خەڵک ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئەگەر کەڵکیان لێ وەرنەگیرێ بێ ئەوەی هەست پێ بکەین، جێگەیان بە دەستەواژەی ساز کراو و بێگانە دەگۆڕنەوە.

لێرەدا دەمهەوێ بڵێم ئەو وشانە لەخۆڕا نەهاتوون، ئەگەر هەن بۆ لە جێگای خۆیان کاریان پێ ناکرێ؟ یان بۆ دەبێ هێندێک وشەی نەشیاو و نابەراو کە نیشانەی ئەدەبیان پێوە دیار نییە، ببنە جێنشینی ئەوان؟
لەگەڵ ڕێزم بۆ زاراوە جیاوازەکانی هێندێک ناوچەی کوردستان، زۆر جار دەبیسین کەسێک بانگ دێڵێ: کا ساڵە؟ کا ڕەسوو؟
بەڕێزان، بیرتان لێ نەکردۆتەوە ( کا )، وردکرا و ئەنجنەراوی کلۆشی گەنم و جۆیە؟
یان ساڵە دەبێتە پاشگری تەمەن وەک دووساڵە، سێ ساڵە و .... ؟ دروستی ئەو بانگکردنە ( کاک ساڵح ).
کاک واتا برا و لە جێگای برا، ( ساڵح )یش، ناوی کەسەکەیەو واتا کەسێکی خوایی.
لێرەدا دەردەکەوێ چەندە جیاوازی هەیە لە ناو ئەو دوو جۆرە بانگکردنە.
بانگکردن و وڵام دانەوە ڕاستە بۆ ئاگادار کردنەوەیە، بەڵام دروست گوتنەکەی، ڕیشەی پەروەردەیی و ئەخلاقی و هێژایی پێوە دیارە، کاتێک دایک بانگی منداڵەکەی دەکا دەڵێ: ڕۆڵە گیان! منداڵەکەش وڵامی دەداتەوە: بەڵێ دایەگیان! لێرەدا پەیوەندیەکی قووڵی خۆشەویستی و ڕێز ساز دەبێ و ئەو منداڵەش هەست بە ئۆقرەیی دەکات و بۆشایی خۆشەویستی لە ناخی دا ساز نابێ.
با سەرنج بدەینە وشەی ( مامۆستا )،
مامۆستا واتا ئەو کەسەی زانا و لێزانە لە بوارێکی پەروەردەیی و فێرکاری، قوتابی و خوێندکاری هەیە و وانەیان فێر دەکا، بەڵام بەهەڵە پێی دەگوترێ ( مامەستا )یان( مام وەستا )! وشەی مامەستا و مام وەستا واتای ( مامۆستا ) ناگەیێنن وا باشترە دروستەکەی بڵێین.
ڕەنگە لەناو هێندێک نەتەوە، فەرهەنگی جیاوازی بانگکردن و وڵامدانەوە بە جۆرێکی دیکە هەبێ، زۆربەمان دیومانە لە ناو دراما و فیلمە سینەماییەکان دا ناوی وەک( جەک، بێل، ڕاکی) و .... بێ پێشگر و پاشگری ڕێز دەگوترێن، دیومانە منداڵێکی بچووک بانگی بەساڵاچوویەک دەکا هەر بە ناوی بچووک بانگی دەکا، ئەو جۆرە دوانە بۆ ئەوان ئاساییە و ئێمە نابێ لاسایی ئەو فەرهەنگە بکەینەوە ئەگینا دۆڕاندوومانە.
سەرنج بدەنە دەوڵەمەندی زمانی کوردی:
خاتوو شەهێن ، کاکە ڕێبوار، دایەگیان، خاڵە مەحموود، دێدە ڕابی، پوورە شەیدا، باجی سنوور و ...... .
ئێمە بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ و جێگە و پێگەی کەسەکان وشەی ڕێزمان هەیە.
خۆ ناکرێ فەرهەنگی نابەرا و دوور لە ڕێز و خۆشەویستی بێگانە بکەینە باو و لە گفتوگۆی ڕۆژانە کاری پێ بکەین چونکە خەسارێکی گەورەیە لە زمان، بەڵام ئەرکی ئێمەی فەرهەنگی چییە؟ هاوەردە کردنی ئاکاری جوان و بەکەڵک، هەناردەکردن و ناساندنی فەرهەنگی ڕەسەنی خۆمان، وەلانانی ئاکاری خراب و ڕاگرتن بۆ پەرینەوە و بە مێژوو ئەسپاردنیان.
لە کۆتاییدا ڕاستە ئەو بابەتە زیاتر هەڵدەگرێ بەڵام بە کورتی دەڵێم: دەبا چیتر لە شەقامی کاڵفامی و نەزانی و بێ ڕێزیدا هەنگاو نەنێینەوە.



## سووتانی قەڵەم

مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

ئەو دەم کە قەڵەم عاشقە جانانە دەسووتێ
وا بەرزە لەبەر شەوکەتی ڕایانە دەسووتێ

خوێنی مەلی ئازادییە دڕژێ لە دەمی تیغ
قافی شەڕەف وعیزەتی هەرمانە دەسووتێ

سەر بەرزە قەڵەم کاتێ کە گەرنی بە تەنافە
بەوگەردەنە والآیە چ مەستانە دەسووتێ

شەوقی گڕی زانستە دەسووتێنێ ڕەشی شەو
بێزارە لە جەهل و وەکوو پەروانە دەسووتێ

ئازایە لە مەیدانی خە باتا گڕی نووسین
ئازادی لە سەر زارە وژیرانە دەسووتێ

دەشکێنێ قەفەز زەربەتی شاباڵی خەیاڵی
بەم چەشنە لەسەر وەعدە وپەیمانە دەسووتێ

ترساوە مەرگ غیرەتی مەردانە دەبینێ
دەگرێ وەکوو ئەستێرەو کوردانە دەسووتێ



مەهاباد. سارکۆ

شەو  شوکر دەڕژێ بە سەرما
تریفەی مانگ
سەد حەیف
نیمە ئاودەنگێ کە بێژێ
شەونمانە بۆم  پەیڤ
بەڵکوو دانیشێ لەسەرڕا
ئەو بزانەی دەمێکە
لێو بە باری کردووووم
تاکوو دانیشێ هەمیسان
سۆزی هەستی نێو دڵم
وا بێ قەراری کردووووم
شەو شوکر دەڕژێ بە سەرما
تریفەی مانگ
تۆ بڵێی
سپەی بەیانی
پێچەوانەی هەتاویش بێ
هەر  هەڵێی؟



## هەوێنی ئاشقی

مەریوان. عوسمان شێرزاد

هۆ هەوێنی ئاشقی، سڕ بوو دڵم لەو ژانی تۆ
چۆڵە، ماڵ وێرانە قەینا بۆتە قوربان گیانی تۆ

گیانە کوا کاتی سەفەر بوو چاوەڕاتم بێرەوە
دڵ هەتەر نابەم لەزامی کۆچی بێ ئامانی تۆ

کامە خوابەردارە بێهۆ نەشتەری ڕوحم بدەی
تیرە هیجرێ نیشتە ناخی یاری بێ تاوانی تۆ

پشتی هیوا ناشکێنن، خۆشەویستم، نازەنین
چونکە قەڵغانی ئەوینە و عۆدەداری مانی تۆ

تۆ هەواڵی دەستەوا بۆ شادی و ڕەنجی دڵی
پاشی هیجرت کێ دەلاوێنێ منی وێرانی تۆ؟



مەریوان. شوان کوردستانی

هەتا کەنگێ
سەرمان داخەین
قاڵی سوور بۆ نەیارانی خۆمان ڕاخەین
بۆچی گوێمان
کپ و کاس بێ ؟
درۆی زاڵم لامان ڕاس بێ
دەم و زمان
هەر قوفڵ و بەند
مێژوومان لێ نەبێ بە پەند ،
شووشەی کامێرای چاوانمان
بۆچی دەبێ
تەپ و تۆز بێ
زمانێکی پڕ لە نامۆ
لامان جوان و قیت و قۆز بێ ،
ئەژنۆ شل و پشت چەماو بین
ماف خوراو بین
هەر لە داو بین
لە ئاواتی ئەم ژیانە هەر داماو بین ،
لە باتی وا
ژیان کردن
هەزار خۆزگەم بە یەک مردن ،
مردن لە ڕێی چۆن ژیان بێ
باشترە لەو ژیانەی وا پڕ لە ژان بێ !



# هێمنی مەزن و بەرچەسپی شوعار و چەند تەوەرێک



مەهاباد. م ئـ {هۆگر}

هەموو ئەو کەسانەی کە پێیان وایە هەست و هەڵوێستی هێمن زۆرتر لاسەنگی بەلای شوعار دایە ئەگەر لێان پرسی شوعارم بۆ شێکەوە یان بلێی شوعار لە ڕوانگەی ئێوە چۆن پێناسە دەکرێ . دڵنیام دادەمێنن ،هێمنی مەزن پیش ئەوەی شاعیر بێ مرۆڤێکی بەتەواوی مانا مرۆڤ دۆستە. ئەو تەنانەت پێی خۆش نییە نەیارەکانیشی دەسبەسەربن و بێ بژێو بن

ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی

یان دەڵێ
شیوەنی من شیــوەنی ئیـــنسانیە
بانگی ئازادی وگڕووی یەکسانییە

لەهیچ یەک لە نووسراوەکانی هێمن دا دژایەتی دەگەڵ هیچ نەتەوەیەک نابیندرێ هێمن بەشێعرە بەناوبانگەکەی {کورد و ئازەربایجانی} بۆ هەتا هەتایە مرۆڤ دۆستی و ئینسان بوون و پاک بوونی خۆی وەک تاکی کورد سەلماند. شێعری هێمن سەربە هەلوومەرجێکی تایبەت نین لەشێعری بڕۆ ئەی شاهی خاین دا کەزۆر کەس پێیان وایە شوعارە نێوی هیچ کەسێکی نەهێناوە شاهی خاین سەدان وبگرە هەزاران ساڵی دیکەش هەر هەیە وهەر دەش بێ بۆیە دەڵێم ئەوشێعرە قەت تازەگەری خۆی لەدەس نادا هەموومان دەزانین مەبەستی هێمن کێ بوو بەڵام نەینووسی بڕۆ ئەی محەمەد ڕەزای خاین بۆ ئەوەی شێعرەکەی نەبێتە شوعار ـ
حەفتا ساڵ لەمەوبەر هێمن ئەوئاواتەی دەدڵ دا بوو

ڕێگەی ئاسن دەچێتە شاخی هەورامانەوەنەوە

بەڵام ئێستا ڕێگەی گوندەکەی هێمن شیلاناوێ هەر کۆێرە ڕێگەیە و نەوەکانی هێمن بۆ ئیسفاڵتی ئاخ هەڵدەکێشن

هێمن بەئاوات بوو چیدی نەدرێ دەفتەر و ئەشعاری کورد، بەئاواتبوو پڕ بێ تێر وجەوالْ ومشت بێ عەمباری کورد

بەئاوات بوو چیدی نەکەوێ لە کولْانان خەستە و بیماری کورد
هێمن بەئاوات بوو شیرینی تەشی ڕێس پۆ وبنۆک و ماشەری فڕێ بدا و وەدوای عیلم وخوێندن بکەوێ
بەئاوات بوو چی دی لە دیوەخانان گزیری بەدفەڕ پارووی لەماڵی کرمانج با نەدا
هێمن بەتەواوی لاگری سوڵح وتەبایی و یەکڕێزی ماڵی کورد بوو هێمن سەربەهیچ باڵێکی سیاسی نەبوو بەڵکوو سەربە هەموو نەتەوەی کورد بوو
ئەوشانازی بە ڕەسەنایەتی زمانی دایکی دەکرد هێنای کەو بێژیگی شێعری دەس دایە و هەموو وشەو دەستە واژەکانی باڵەکەو کرد خۆی لە وشەی نامۆ و داتاشراو دزێوە و بەپێچەوانەی شاعیرانی پێش خۆی کە پەروەردی ناو فەقێ وموستەعیدی حوجرەکان بوون هات لەسەر شێوازی وشەی ڕەسەن وخۆماڵی و دیالیکتی بەیت وباو و حەیران فەرهەنگێکی هەرمانی بەناوی تاریک وڕوون بۆ بەرەی داهاتوو تۆمار کرد - ڕاوەبەراز- نەورۆزی ڕزگاری - ڕاوەتاژی - ئاواتی بەرز- بەهاری کوردستان - بلوێری شوان - یادگاری شیرین - بەهاری لادێ - ئارەق وتین و زۆر شێعری دیکەی هێمن پێش ئەوەی شێعربن فەرهەنگێکی تەواو عەیارن - هێمن لە گێڕانەوەی بیرەوەری دا کەم وێنەیە لە ڕاست وێژی و ڕوونکردنەوە دا {لەکۆوە بۆ کوێ} بۆخۆی ئاوێنەیەکی بالْانوێنی ڕابردوویە

هەواری خاڵی ڕۆمانێکی ڕاستەقینەی کەم وێنەیە. ناڵەی جودای هاوارێکی گەلێکی چەوساوەیە. تۆحفەی موزەفەریەی گەنجێکی سەربەمۆرە، پاشەرۆک هەگبەیەکی پڕ لە گەنجە
یادی هێمن بەخێر و ڕێگای پڕبێ لە ڕێبوار و بەئاواتی وەدیهاتنی ئاواتە وەدی نەهاتووکانی.



**کۆبوونەوەی حەفتانەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە**